


خاکەلێوەی ٢٧١١ ژمارە : ١٢ March : 2011





## ژمارەی تایبەت بە نەورۆز

* نەورۆز و مێژووی نەورۆز(لێکدانەوەیەکی زانیاری و فەلسەفی) ... بۆ لاپەرەی ٢
* نەورۆز و بۆچوونە جیاوازەکانی لەسەر ئەم جەژنە...بۆلاپەرەی ٤
* نەورۆز و مێژووی نەورۆز... بۆ لاپەرەی ٦
* توام چۆمسکی:ئەگەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ١٠ ساڵ لەمەبەر زیاترن ... بۆ لاپەرەی ٩
* یادێک لە هونەرمەند محەممەد شێخۆ... بۆ لاپەرەی ١١
* نەورۆز هێمای یەکگرتوویی کورد... بۆ لاپەرەی ١٢
* جێژنی نەورۆز (شێعر) ... بۆ لاپەرەی ١٢
* مێژووی رۆژی جیهانی ئافرەتان و ٨ی مارس ... بۆ لاپەرەی ١٤
* هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری ... بۆ لاپەرەی ١٥
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٦
* تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٧
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٨
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٩

# نەورۆزو مێژووی نەورۆز: لێکدانەوەیەکی زانیاری و فەلسەفی

جەمال بابان

پیرەمێردی نەمر دەڵێت: (منداڵ بووم، لای (مەلا حسێنە گۆجە) ئەمخوێند، کەدەگەیشتینە دەمەو بەهار، مامۆستا دەیوت بڕۆن (نەورۆزانە بێنن) ئێمەش بەسەر دایکمانا ئەگریاین، سادایک و باوکمانیش، هەرچییەک لەباردابوایە (چەرەی) (قرانی محە شایە) (پەنابات) دەیاندایێ، ئەمانهێنا، ئەویش بەشی خۆی لێهەڵدەگرت و یەکی (قەمەری)یەکی دەداینێ، دەچووین لەمزگەوتی شێخ ئەورەحمانی شێخ ئەبوبەکر (واتە مزگەوتی بابا عەلی قەرەداغی کەئەورەحمان پاشای بابان دروستیکردووە- ج.ب) شێخ ئەولا سووری



دۆڵپەموویی خەتی خۆش بوو نەورۆزنامەی بۆ دەنووسینەوە :

نوروزشد، نوروزشد، نوروزی ما، فیزوشد بابا، بدە نوروزیم، تا برخوری ازروژیم

واتا نەوروزمان پیرۆز، بابە بدە نەورۆزانە، تا بەربخۆی لەرۆژانەم، مامۆستای خوالێخۆش بوو (حیلمی عەلی شەریف لەکتێبی: داستانی نەورۆزو نەورۆزی کوردستان کەساڵی 1991 لەبەغدا چاپکراوە، دەڵێت:

پێویستە نووسەرو مێژوونووسانی کورد لەسێ لایەنەوە بڕواننە ئەم رۆژە بەنرخ و گرانبەهایە: یەکەمیان نەورۆزو داستانی نەورۆز لەنێو گەلانی ئارياييدا، کە بناغەو پایەیەکی قایم و لەبیرنەچووەی دامەزراندووەو پرشنگی خۆشی و بەختیاری و رووناکی تیابلاوکردۆتەوە، دووەمیان نەورۆز داستانی ئەفسانە پۆشی کاوەی ئاسنگەر لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانا کە بۆیە مەشخەڵ و نیشانەو سەرمەشقی جوامێری و نوێخوازی وکامەرانی و بڕوا بەهێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرو ئومێد پەیداکردن بەسەرکەوتن، سێیەم: داهاتنی وەرزی بەهار، کەژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەسەرماو سۆڵەو بێ دەرامەتییەوە گواستۆتەوە بۆ ئاستێکیتر.

## نەورۆزو داستانەکەی لەنێو گەلانی ئاریدا:

لەڕاستیدا مێژووی نەورۆزی گەلانی ئاريايی کەگەلی کوردیش یەکێکیانە زۆر لەمێژووی نەورۆزی گەلی کورد کۆنترە، نەورۆزی گەلانی ئاری لەو رۆژەوە دەستپێدەکات کە کۆمەلانی خەڵکی ئاریا زەمین، تازە لەرژێمی ژیانی ساکارو سەرەتایی رزگاریان بووەو پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێی ژیانەوە، لەفەرهەنگی (برهان قاگع)ی فارسیدا دەربارەی نەورۆزوا هاتووە دەڵێ: (واتای نەورۆز، رۆژی نوێ دەگەیەنێت، ئەمیش دوانە نەورۆزی گشتی و نەورۆزی تایبەتی، گشتییەکەیان دەکەوێتە یەکەم رۆژی مانگی (فەروەردین) کەتیشکی رۆژی تیا دەگاتە یەکەم خاڵی (کەلوی بەرخ- برج الحمل) ئیتر یەکەم رۆژی بەهار دەستپێدەکات، وتراوە کەخوای بزورگ لەو رۆژەدا (کائنات و ئادەمی دروستکردووە)، بۆیە بەم رۆژەیان وتووە رۆژی نوێ، هەندێکیش دەڵێن کە جەمشیدی یەکەم ناوی (جەم) بووە، سەیری جیهانی کردووەو کە گەیشتۆتە (ئازربایجان) وتویەتی: تەختێکی جەواهیر بەندی لەشوێنێکی بڵندی بەرەو رۆژهەلات بۆ دابنێن، خۆشی و تانجێکی جەواهیر بەندی رازاوەی کردۆتەسەرو لەسەر تەختە جەواهیر بەندەکە دانیشتووە، کەتیشکی خۆر هەڵهاتووەو لەتانج و کورسییە جەواهیر بەندەکەی داوە، بریسکەو پرشنگی هێجگار رۆشن و جوانی داوەتەوە.. بەمە خەڵکەکە زۆر شادبوون و وتوویانە ئەمە رۆژی نوێیە، سەبارەت بەوەش کە بەزمانی فارسی بە تیشک دەڵێن (شید) ئیتر وشەی شیدیان خۆستۆتە پاڵ وشەی جەم و پێیان وتووە (جەمشید)و ئەو رۆژەشیان کردووە بەجەژنێکی گەورەو هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا جەژنیان کردووە.

بەلام نەورۆزی تایبەتی رۆژێکە، ناوی ئەو رۆژە (خورداد)ەو دەکەوێتە شەشەم رۆژی مانگی (فەروەردین) لەهەمان رۆژدا دیسانەوە جەمشید تیایا چۆتە سەر تەخت، کەسانی نزیک لەخۆی کۆکردۆتەوەو رەفتاری چاک و جوانی لەو رۆژەدا بەکارهێناوەو وتوویەتی: خوای گەورە ئێوەی دروستکردووە، دەبێ بەئاوی پاک خۆتان بشۆن و بۆ خودا بەچۆکابێن و بەسوپاسی ئەو خەریک بن و هەموو ساڵێک لەهەمان رۆژدا ئەو رەفتارە بکەن، لەبەرئەوە ئەو رۆژە ناونراوە نەورۆزی تایبەتی.

## نەورۆز لەئەدەبی گەلاندا

مامۆستا حیلمی عەلی شەریف خوالێخۆشبوو: ئاماژە بۆ نووسینە بەنرخەکەی خوالێخۆشبوو شوکر مستەفا دەکات کە لەدەفتەری کوردەواریدا بلاویکردۆتەوەو دەڵێت: بەگوێرەی ئەو بەڵگەو رێ و شوێنەی کەئێستا رۆژهەلاتناسەکان و مێژووناسەکانی هەموو هێناویانەتە بەرهەم. وادەردەکەوێت کەئاریایی نەژادەکان حەوت جەژنی سەرەکیان هەبووە (نەورۆز، میهرەگان، سەدە، تیرەگان، پەروەردگان، کۆسەو..هتد) بەلام نەورۆزو میهرەگان هەرە گەورەترین و پیرۆزترین جەژنیان بووەو دەڵێت: یەکەم هەموو نەتەوەیەکی ئاریایی نەژاد نەورۆزی بەهی خۆیان دەزانن.

دووەم: هەر نەتەوەیەک بەگوێرەی پلەی قۆناغی مێژووی خۆی و قەوارەو چوارچێوەی هەستی نەتەوەیی خۆی دایڕشتووە.

دەربارەی نەورۆزیش لەدوای بلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام مەلا شوکر دەڵێت: (تاماوەیەک رێورەسمی نەورۆز کزبوو تاحەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زۆر بەگەرمەوە ئەم رێورەسمەی کردووە بەعادەت وەکو شاکانی ئاریا زەمین لەنەورۆزو میهرەگانا دەست و دیاری و بەخشینی وەردەگرت. هەروەها خەلیفە (المامون) بایەخی بەنەورۆزداوە، لەدیوەخانی خۆیدا باسی کردووەو دیاری تیا وەرگرتووەو عەبدوڵلای کوڕی تاهیریش یەکێک بووە لەوانەی نەورۆزیان لەناو موسڵمانانا زیندوکردۆتەوەو هەروەها لەگەڵ نوسین و شیعری شاعیرە گەورەکانی عەرەبدا باسی نەورۆز بەرچاو دەکەوێت. وەکو (جەریر، بوحتوری، عەلی کوڕی یەحیای مونەجیم، جاحیز، مەسعودی، بەیروتی و جەوالیقی). نموونەی باسکردنەکانیانی لەوتارەکەیدا هۆنیوەتەوە. دوای ئەمە خوالێخۆشبوو مامۆستا شەریف دەڵێت: ئەگەر سەرنج بدرێتە جەژنەکانی گەلە ئارياييە نەژادەکانی ولاتانی هندستان و پاکستان و ئێران و ئەفغانستان و بلوچستان و ئازربایجان. بۆمان دەردەکەوێت کەگەلانی ئەم ولاتانە هەموویان نەورۆز بەجەژنێکی خۆشی بایەخداری خۆیان دەزانن و هەموو ساڵێک بەئاهەنگ و خۆشی بیرەوەری ئەم رۆژە دەکەنەوە، کەبەلێکۆڵینەوەی سەرچاوەو دیاردەکانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین دوولایەنی سەرەکی لەهەڵبژاردن و ئەم رۆژە بەجەژن بەجەژنکردندا بەدی دەکرێ. لایەنێکی سیاسی کەوا جەمشید یەکەم پاشابووەو رژێمێکی پاشایانەی دامەزراندووەو هاتووەتە سەر تەخت بەپێی کۆمەڵە دەستوورو یاسایەک، ژیان و گوزەرانی سیاسی کۆمەلانی خەڵکی ئەوسای ئەو ولاتەی رێک خستووەو چوارچێوەی بۆ داناوە، لایەنی دوومی پەیوەندی راستەخۆی هەبووە بەژیانی ئابووری کۆمەلانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەوە، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە ئەوسا، لەلایەکەوە (خێڵەکی) واتا گەڕۆک بوون و لەلایەکی تریشەوە بەرامبەر سروشت لاوازو کەم دەسەلات بوون.

## نەتەوەی کوردو داڕشتنی قاڵبی ئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاک

نەتەوەی کورد لایەنێکی تایبەتی بۆ خۆی دیاریکردووە، کەئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاکە، کاوەی ئاسنگەری کورد بەیارمەتی رۆڵە رزگارکراوەکانی کوردی پەنابردوو بۆ کێوەکانی کوردستان و کۆمەلانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە (کەوڵەکەی) کردووە بەئالاو هێرشی بردۆتە سەر (زوحاک) و لەسەرتەخت لایبردووەو دامودەزگای تێک و پێکداوە، هەر دەبێ لەناوەڕۆکدا، شۆڕشی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کەدوای دامەزراندنی دەوڵەت، پەیدابووی فەرمان رەوای فەرمان پێکراوە (الحاکم والمحکوم) واتا زۆر دارو زۆرلێکراو هەڵگیرسابێت.

ئینجا مامۆستا خوالێخۆشبوو حیلمی شەریف پشتبەستن بەچەندە سەرچاوەو کتێبە دەڵێت: بێگومان ئەم جەژنە وەکو هەموو جەژنەکانی تری ئەم گەلانەو هی هەموو گەلانی جیهان وردە وردە بووەو بەبەشێک لەمیرات و کەلەپووری مێژوویی رۆشنبیری و نەفسی خەڵکەکە. لایەنی سیاسی و ئابووریەکانی بەپێی هەلومەرجی نوێ و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دوای تێپەڕبوونی سەدان و هەزاران ساڵ بەسەر دامەزراندنیا لەجەژنی چین و کۆڕو کۆمەڵ و جەژنی چاخ و زەمانێکی دێرینەوە بووە بەجەژنی هەموو گەل و هەموو چینێک بووە بەجەژنی ئاشتی و ئاسایش و بەختیاری.

دوای لێداونێکی چڕوپڕ لە(خەیاڵ و ئەفسانە پۆشی رووداوە مێژووییەکانی گەلان و جیهان) و ئاماژە بۆ چەندەها سەرچاوە لەکۆتاییدا مامۆستا حیلمی دێتە سەر ئەو قەناعەتەی کەلەکاتەوەی نەورۆزکراوە بەجەژن و رۆژێکی دیارو پیرۆز لەنێو سەرجەم گەلانی ئارياييدا یاخود لەدواییدا وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی لەنێو گەلی کوردا کەنێوانیان چەندە هەزار ساڵێکە و پێشوونەکەی هێجگار کۆنە، هەر دەبوو بەداستانی ئەفسانەو خەیاڵ پۆش بڕازێنرێتەوە، هەر دوولایەکەشی تێدا رەچاوبکرێت، خێرو شەڕ، چاکەو خراپە، رووناکی و تاریکی زۆرداری و دادپەروەری.

## نەورۆزی کوردو کوردستان

هەر لەکتێبی (داستانی نەورۆزو نەورۆزی کوردستان)دا لەم رووەوە بەدوای (رەسەنی جەژنی نەورۆز لەمێژووی کورددا، پەیدابوونی داستانی کاوەی ئاسنگەر لەسەرچاوەیەکی مێژووییەوە، موتوربەبوونی نەورۆز بەداستانی کاوەو دەق گرتنی نەورۆزی کورد لەم بەرگە گرنگ و بایەخدارەی ئێستایدا، دەبێ دوای گەڕان ئەو خالانە واتا ئەو راستییانەی سەرەوە روونببنەوە.ص

کەوابوو: ئەو رۆژەی دەوڵەتی تێدا دامەزراوەو خەڵکی لەسەرگەردانی و بێ یاسایی و نائارامی و

سەرچاوە Serchawe

نەبوونی... رزگاریان بووەو رێزی خۆیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا رێکخستووە. ئەو رۆژەیان کردووە بەجەژن گەلی کوردیش لەم رۆژە مێژووییە بایەخدارە بەشدارە.

بێگومان دوای دامەزراندنی دەوڵەت، فەرمانڕەوایان و دەسەلاتداران بەدرێژایی زەمان یەک بەدوای یەکدا، جێگەی یەکترییان گرتۆتەوە لەم فەرمانڕەوایەشدا (چاک و خراپ)و (ژیرو سەرسەخت)و (زۆردارو دادپەروەر) بەپێی کێش و پێوانەی ئەوکاتانە هاتۆتە سەر کار تاکو لەکوردستاندا سەرە گەیشتۆتە سەر زوحاک (ئەژدەهاک) کە لەرۆژاوای خاکی ئاریاییەوە هاتۆتە ئەم ولاتەو جڵەوی کاری گرتۆتە دەست بەزەبرو زۆرو خوێنرشتن فەرمانی بەڕێوەبردووە، تا کاوەی ئاسنگەری لێ رادەپەڕێ پشت بەجەماوەری میللەتەکەی، لەرۆژی هەڵبژێرراوی نەورۆزدا لەکاتێکدا زوحاک خەریکی بادەو کەیف و رابواردن بووە، لەناویبردووە، شازادە فەرەیدونی (دوورخراوە)ی لەجێگەی زوحاک خستۆتە سەر تەخت.

بەکورتی سەرکەوتنی کاوەو شکستی زوحاک نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جەژن: جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەنیو کۆمەڵگەی کوردو گەلە ئارییەکانی تردا، دووەم کە هەر خۆی خراوەتە یەکەم رۆژی بەهاری کوردستانەوە یان کەوتۆتە ئەو رۆژەوە.

ئەوی راستی بێ ئەم داستانەی کاوەو ئەژدەهاک کە لەرۆژی نەورۆزدا روویداوە وەکو هەموو داستانە مێژووییە کۆنەکان لەشێوەو ئەفسانە پۆشیدا بەرگێکی تایبەتی کراوە بە بەردا، بەلام لەگەوهەرو ناوەرۆکدا بریتییە لەبەربەرەکانی نێوان فەرمانڕەوایەکی زۆردارو گەلێکی زۆرلێکراو کە لەئەنجامدا گەلی زۆرلێکراوی تیا سەرکەوتووە.

رەسەنی جەژنی نەورۆزو لێکدانەوەی داستانی کاوە

نەورۆز جەژنێکی رەسەن و دێرین و پیرۆزە لەمێژووی کورددا، بەگوێرەی چەندەها سەرچاوە، داستانی کاوەش داستانێکی سەرچاوە راستە، با بەتەواوەتیش لەو قاڵب و چوارچێوەیەدا نەبووبێ کە لای ئێمە باوە.

ئەم جەژنە لەدوو بەرگی زێرین و گەوهەر هەڵکێشراوە، بەرگە زێرینەکەی یەکەم رۆژی بەهاری بوژانەوەو پڕ خێرو خۆشی کوردستان و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەهەرێمەکەداو بەرگەکەو هەرەکەشی گەورەکەش سەرکەوتنی کوردی دلێرو جەرگ سوتاو بەسەر ئەژدەهاکی خوێنرێژدا، کە ئەمەش بووە بەسەر مەشقی ئومێد پەیداکردنی لەپێناوی رادانی هەموو ناحەزو دوژمنێکی کورددا.

بەم جۆرە کورتەی کتێبی خوالێخۆشبوو (حیلمی عەلی شەریف) تەواوبوو کە لەڕاستیدا بۆ هێنانە بەرهەمی ئەو کتێبە پشتی بەنزیکەی ٦٠ سەرچاوەی بەکەڵ و جۆراوجۆر بەستووە، جگە لەبۆچوونی زیرەکانەی خۆی.

کاوەو نەورۆز،

ئەفسانەو بیری نوێ

ئەمە کتێبی (ئەحمەد زەردەشت)ە سالی ١٩٩٩ بەچاپی گەیاندووە ئەمەش نوسینێکی بەنرخ و شایستەیە، چونکە پەنای بردۆتە بەر ژمارەیەکی هێجگار زۆری سەرچاوەی کۆن و نوێ، رۆژهەلاتی و رۆژاوایی بەپێویستم نەزانی ئەوانەی لەو کتێبەدا هاتووە لێرەدا دووپاتیبکەمەوە، بەلام دوو سێ خاڵ لەم کتێبە بەنرخەش هەر پێشکەش بەخوێندەواری بەرێز دەکەین.

ناوچەی رووداوی ئەفسانەکە

رووداوی ئەفسانەکە لەچەند شوێنێکدا وەک دارستان و شاخ و کێو (دەماوەند، ئەلبورز) خۆی نواندووە کە ئەمەس لەدەقی ئەفسانەکەوە روونبۆتەوە. (دەماوەند) لوتکەیەکە لەو زنجیرە شالخەی کە لەنێوان رووباری ئاوی سپی (سفیدرو) تا ناوچەی گورگان، ئەم زنجیرە شاخە دەگاتە بانی ئێران، بەرزایی لوتکەی دەماوەند ٥٦٧١ مەترە.

زنجیرەشاخی ئەلبورد بەناوی (کێوە بڵند) ناسراوە کە لەشاخی (گالقان)ەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە شاری ئەمەل.

درێژی زنجیرە شاخەکە (٦٠٠)کم و لوتکەی (ککون بستە) بەرزترین بوتکەی ئەم شاخەیەو لەگەڵ لوتکەی دەماوەند یەکدەگرنەوە.

مێژووی سەردەمی ئەفسانەکە

زووحاک لەسالی (٦١٢پ.ز) دەسەلاتی ولاتی گرتۆتەدەست.

لەلایەکی ترەوە لەکتێبی (قیێ الانبیاء)دا هاتووە کە گوایە فیرعەونی میسر برای زووحاک بووەو لەهەمانکاتدا نوێنەری زووحاک بووە بەسەر تەختی میسرەوە.

لەلایەکی ترەوە دەڵێن گوایە زوحاک ناوی (سنانی کوڕی علوان کوڕی عوێج کوڕی عملاق کوڕی لاوز کوڕی سام کوڕی نوح)ە.

ئاوو نەورۆز

لەئاوێستادا هاتووە کە لەسەردەمی جەمشیدا دەعباو جانەوەر بەجارێ زۆربوون، هەموو لایەکی سەرزەمینیان گرتبووەوە بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە جەمشید فەرمانیداوە کە جەبێ خەڵکی خۆیان بەئاو بشۆن تاکو لەگوناهەکانیان پاکببنەوە، چونکە وا دیارە ئەو جانەوەرانە بەهۆی گوناهەکانەوە

زۆربوون هەرلەوەوە لەنەورۆزدا نەریتی ئاورشێن پەیدابووە.

نەریتی (تعمید)یش لای زۆر لەگەلانی جیهان باوە... لەزۆر نەریتی ئاینیدا ئەم جۆرە کردەوەیە پەسەندکراوە، دەستنوێژشتن، وسڵ دەرکردن بۆ پاکبوونەوە... مردوشتن کە بۆئەوەی مردوو بە لەشێکی خاوێنەوە بەرەورووی یەزدان بێتەوە، لەلای هەندێ لەهندۆسەکان تەرمی مردو فڕێ دەدرێتە ئاوەوە لای (سابیئیەکان) (تعمید) کردارێکی سەرەکی رۆژانەیە.

ئاگرو نەورۆز

گوایە جەمشید یەکەم شا بووە کە ئاگری بەمەزن و پیرۆز داناوە، چونکە ئاگر لەرواڵەتی تیشکی خۆرو ئەستێرەکان چووە.

نەریتی ئاگر کردنەوە یا بەمەزن راگرتن یا ئاگرپەرستن لەلای زۆر لەگەلانی جیهان باو بووەو باوە، تەنانەت لەئایینی ئیسلامیشدا ئاگر بەرواڵەتی پرتەوی (جلوە- نور)ی یەزدانی دادەنرێ، هەروەها بەئامرازێکی هەرە کاریگەری سزادانی مرۆڤ لەلایەن یەزدانەوە دانراوە، هەر لەسەردەمی جەمشیدەوە بگرە لەوە پێشتریش ئاگر رووناککەرەوەی تاریکایی شەوانی جیهانی مرۆڤایەتی بووە. کەوابوو شتێکی ئاساییە ئاگر پیرۆز سەیرکرابێ.

کۆتایی

لەبەرئەوەی کە تائێستا (خۆم کە پێشکەشکەری ئەم باسەم قسەم نەکردووە، هەرچەندە ئەو راو نووسینانەی باسمکردوون بەسەر پشکیان دادەنێم لەم رووەوە، چونکە هەریەکە نووسینەکەی لەسەرچاوەیەکی بەرێزەوە هەڵێنجاوەو ئینجا شیکردۆتەوەو دوای ئەوە رای خۆی پیشانداوە). من کاتی خۆی چەند جارێکم لەسەر نەورۆز نوسیوە، بۆنموونە چەند خاڵێک لەنوسینەکەی سالی ١٩٦٠م پێشکەشدەکەم:

ﻧشارەزاکانی مێژوو بەتایبەتی عەرەبەکان دەڵێن گوایە (عالەم)و (ئادەم) هەردووکیان لەم رۆژەدا دروستکراون.

ﻧحەوت هەزار ساڵ دەبێت کە کورد ئەم جەژنی نەورۆزە تازەدەکاتەوە.

ﻧهوشەنگ کوڕی سیامەک، کە بە چوار پشت دەچێتەوە سەر حەزرەتی (ئادەم) بەبۆنەی یەکەم رۆژی بەهارەوە دەچێتە دەرەوە بۆ سەیری دەشت و گوڵ و لالەزار لەپرد مارێک دێتە سەر رێی، ئەمیش گورج هەڵدەگرێتە بەردێک و دەیهاوێژێ بۆ مارەکە، بەریناکەوێ، بەڵکو بەر بەردێکی تر دەکەوێ و ئاگری لێدەبێتەوە.

لەمەوە ئاگر دەدۆزنەوە، گوایە هەر لەم رۆژەشدا لەبەری درەختی گەرچەک رۆن دەردێنن دەیکەن بەشاپلێتە یا چراو ئاگری پێدەکەنەوە.

ﻧدەڵێن ئێستاش دانیشتوانی شاخی دەماوەندو دەروپشتی بەنەورۆزدا بەرۆنی گەرچەک ئاگر دەکەنەوە، چونکە گەرچەکیان لا پیرۆزە.

ﻧگوایە هەر لەرۆژی نەورۆزدا کەشتییەکەی نوح لەچیای (گوتی- جودی لەکوردستاندا گیرساوەتەوە.ص.

نەورۆزی ٢٠١٠مان بەسەرکەوتنی گەلی کورد تێپەڕێ

کاتێک نەورۆزی ئەمساڵمان بەخۆشی تێدەپەڕێ بەسەرکەوتنی گەلەکەمان لەو دوارۆژە گرنگ و چارەنووسسازەی لەپێشیانەوەیە! وەک مادەی ١٤٠ لەدەستووری عیراق و گەڕانەوەی شوێنە دابڕاوەکان و یەکلاییکردنەوەی نەوت و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو هەندێ شتی تر کەئەمانە هەموو بەستراون بەیەکبوون و یەکێتی گەل و یەک تەنی و یەک (ڕا)ییەوە.

بۆیە داواکارو تکاکارم لەهەموو کاربەدەستێک و هەموو ئەندامێکی دڵسۆزی ئەم میللەتە، کەئەو دوارۆژە گرنگەی چارەنووس رەچاو بکەن، بەڵێ هەر کەسێک سەربەست و ئازادە لەڕادەربڕینی خۆیدا بۆ ئەو کارەی پێی خۆشەو بەباشی دەزانێ تەنها لە (کێشەو کاروباری چارەنووسی گەلی گوردا) دەبێ هەموو یەک بین ئەگینا ناحەز ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیشمان هێناون هەموویان لەچاومان دەردەهێننەوەو ئەمان خەنەوە سەر ساجی عەلی کەوابوو نەورۆزی هەمووان هەر لەئێستاوە پیرۆز بەسەرکەوتنی کوردو کوردستان و خوای گەورەشمان لەگەڵ.

*خاوەنی خەلاتی رێزلێنانی پیرەمێرد بۆ سالی ٢٠١٠



# نەورۆز و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئەم جەژنە!

سورکێو بەرزەکانیی

نەورۆز یان نەڤرۆز بە واتای ڕۆژی نەو یان نوێ دێت کە بە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵ دێتە ئەژمار و لە کوردستان و گەلێک وڵاتی دیکە بە جەژنێکی نەتەوەیی ناسراوە و هەڵگری دابو نەریتێکی کۆنی بەهاریی تایبەت بەخۆیەتی و خەڵک بە گشتیی یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوە و یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار بە نەورۆز دەناسن و وشەی نەورۆز لە مێشکی هەر کەسێکی کورد بەر لە هەموو مانایەک، وەبیرهێنەرەوەی شادی و بەهار و جەژن و سەوزایی و خۆشییە.



بەر لەهاتنی بەهار و جەژنی نەورۆز ، نەتەوەکانی کورد و فارس و چەند نەتەوەیەکیتر لە وڵاتەکانی کوردستان، ئێران، ئێراق، سوریە، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئەرمەنستان و سەرجەم ئەم وڵاتانەی کە کورد و نەتەوەکانی ئاوارەی ئەم وڵاتانە(ی لەسەرەوە ناویان برا)، خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمەکانی نەورۆز ئامادە دەکەن و هەر نەتەوەوەیەک لەم ڕۆژەدا بە پێی ئەو دابوو نەریتانەی کە لەمێژوووە پشت بە پشت وەریگرتووە یان خود پێیەوە زیادکردوون، ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت و پیرۆزی دەکات.

## مێژووی نەورۆز

لە ڕاستیدا لەسەر چۆنییەتی هاتنە ئاراو سەرهەڵدانی نەورۆز ، زانیاریی متمانە پێکراو زۆر کەمن و بەتایبەتیی لەسەر مێژووی سەرەتایی ئەم جەژنە دێرینە، بیرو بۆچوونی زۆر جیاواز و لێک دوور هەنە کە هەر نەتەوەو پاشاو دەوڵەتێکی داگیرکەری دەوروبەری کوردستان و بەتایبەتی پاشاکانی کۆنی ئێرانی ، بەو پێیە کە زانیویانە ئەم جەژنە لە مێژوووە پشت بە پشت هاتووە و وەک کولتوورێک لەناو دڵی خەڵکدا جێگیر بووە، ویستوویانە شتێک لەم جەژنە بۆخۆیان هەڵکرێنن و خۆیانی بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوە بلکێنن و ئەفسانەیەک لەسەر گەورەیی و بەناوبانگی و سەرچاوەگرتنی ئەژداد و تیرەو تۆوی خۆیان لە قووڵایی مێژوودا ساز بکەن و بەقەولی خۆیان ئەسڵی نەسەبیی خۆیانی پێ بسەلمێنن.

### ڕای مێژوونووسان و لێکۆڵەرەکان لەسەر نەورۆز بە کورتی

بەشێکی زۆر لە نووسراوەکان لەسەر چۆنیەتی پەیدابوونی نەورۆز، ئاماژە بە یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوەدەکەن:

هەندێک کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە گۆڕانی وەرز و ئاووهەوا لەناو مرۆڤ و نەتەوەکانی چاخە سەرتاکان یان بەر لەمێژووی نەتەوەکانی سەقامگیربوو لە کوردستان و دەوروبەری کە لەم ناوەشدا جاروبار ناوی بابل دەهێندرێت، بۆتە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز. بەشێک لە مێژووناسان زۆرتر مەڕدار و ئاژەڵداریی و وەرزێڕ یان جووتیار بوونی گەلانی دەوروبەر و بەتایبەتیی خەڵکی نێوانی ڕوبارەکانی دیجلە و فەرات یان فورات وەک ئیلامی یان عیلامی ، کاسی، گوتی، ئورارتۆ، میتانی و نەتەوەکانیتری ئەم ناوچەیە بەر لە هاتنی ئارياییەکان بۆ کوردستان و دەوروبەری بە سەرچاوەی نەورۆز دەزانن و لەڕاستیدا ئاریاییەکان بە میراتگری ئەم نەریتە دەزانن و بەشێکیش خودی ئاریاییەکان بە دامەزرێنەری نەورۆز دەژمێرن و تەنانەت چەند نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانەی ناویان برا، بە ئاریایی دەزانن.

کەسانێکیتریش دەڵێن نەورۆز ڕۆژێکە کە لەم ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر کە مرۆڤێکی ئازادیخواز و لایەنگری چینی هەژار بووە، ( و کوردەکان بەکوردی دەزانن و هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کوردیش گومانیان لە ڕاستبوونی ئەم بابەتە هەیە) لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕیوە و بەسەر زەحاکدا سەرکەوتووە وکۆتایی بە دەسەڵاتی زۆردارای هێناوە و ئەم ڕۆژەیان کردووە بە نەورۆز. لە هەمانکاتدا بەشێک لە مێژوو نووسان ئەو شتە ڕەت دەکەنەوە و نەک هەر زەحاک بە ئەفسانە دەزانن، بەڵکو نەورۆزیش زۆر بە کۆنتر لە ئەفسانەی زەحاک دادەنێن.

هەندێکیتر بە جەژنێکی مەزهەبی بەر لە زەردەشتییەکان و ئاریاییەکانی دەزانن و هەندێکیش بەهۆی گرنگی ئاگر لە ئایینی زەردەشتدا، بە جەژنێکی ئایینی زەردەشتی دەزانن کە تاگەیشتۆتە ئەم سەردەمەی ئێمە بەم شێوەیەی کە هەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە ئاوێستای دەورانی زەردەشت دا ئاماژەیەک بە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز نەکراوەو بەم پێیە کە بە وتەی مێژووناسان بەشێکی زۆری ئاوێستا لە کاتی هێرشی ئەسکەندەردا لەناوچووە (و هەندێکیش باوەڕیان وایە کە هەمووی لەناو چووە) و تەنیا لە بەشی وەندیداد یان وێدیودات دا کە گۆیا لەدەورانی ساسانییەکاندا نووسراوە( و بەهۆی ئەوەکە لەباری مێژووییەوە نێوانێکی زەمانی زۆر دووری لەگەڵ زەردەشت هەیە و هیچ پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە زەردەشتەوە نەبووە)، لەوێدا بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی نەورۆز بە کارێکی پیرۆز ناسراوە، بەڵام ئاماژەیەک بە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز نەکراوە.

گۆیا ئاریاییە کۆنەکان و بەگوێرە هەندێک سەرچاوەش زەردەشتیەکان لەسەر ئەم باوەڕە بوونە کە هەموو ساڵێک لە دە ڕۆژی کۆتایی ساڵدا ڕووح یان گیانە پاکەکان( کە بە فەراوەشی یان فرووهەر ناو دەبرێن و پارێزەری فریشتەکانن) دەگەڕێنەوە سەر دونیای ماددی و سەردانی کەسوکاریان لەسەر زەویدا دەکەن. هەر بۆیەش زەردەشتییەکان لە کۆتایی ساڵدا و لەسەرەتای ساڵی نوێدا ئاگر هەڵدەکەن و خووانی حەوت سین دادەنێن و لەدەوری دادەنیشن و چەند ڕۆژێک بەر لە هاتنەوەیان(گەڕانەوەی مردووەکان) و بەر لە هاتنی نەورۆز، کەسوکارە زیندووەکانیان دەستیان کردووە بە خاوێن کردنەوەو تەکاندنی کەلوپەلی ناو ماڵ و جل و بەرگی نوێیان لەبەر کردوە و سەردانی گۆڕستانەکانیان کردوە و پاشان بە هەڵکردنی ئاگر لە پشتی سەربانەکانیان (بە باوەڕی خۆیان بەم شێوەیە لەسەری ساڵدا) پێشوازییان لە مردووکانیان دەکرد و خواردەمەنیان بۆ مردووە گەراوەکان لە دەوری ئاگرەکە دادەنا. ئەم ئاگرەش هەتا تاریکایی بەسەر چووە هەر ئایساوە بۆ ئەوەی مردووەکان لە تاریکییدا نەبن، کە ئەوە هەمان شتە کە بە جەژنی سوری ناسراوە و ئەمرۆکە ئەم جەژنە بە چووارشەممە سووری دەناسرێت و ئێستاکە تەنیا لە ئاخیر چووارشەممەی کۆتایی ساڵدا ڕێووڕەسمی بازدان بەسەر ئاگردا بەڕێوە دەچێت لەگەڵ هەندێ شت کە ساڵانە وردە وردە لێی زیاد دەکرێت یان گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

دەگوترێت کە لە سەردەمەکانی پێشووتر ئەم ڕێو و ڕەسمە چەند ڕۆژ بووە و تەنیا تایبەت بە ڕۆژی چووارشەممە نەبووە. لە دەورەی ساسانییەکاندا خەڵک-١٠ -ڕۆژی ئاخیری ساڵیان جەژن دەگرت بەڵام زەردەشتیەکانی ئەم سەردەمە ڕۆژی-٦-ی خاکەلێوە بە ڕۆژی نەورۆزی گەورە ناوزەد دەکەن و هەروەها بە ڕۆژی لەدایکبوونی زەردەشتیشی دەزانن.

بە پێچەوانەی ئەوانەش بەشێک لە لێکۆڵەران و شارەزایانی نەورۆز، لەسەر ئەم باوەڕەن کە جەمشید شا کە یەکێک لە پاشاکانی پیشدادییەکان بووە، نەورۆزی داهێناوە و لەم ڕۆژەدا بووە بە پاشا و ڕێ و ڕەسمی تاج لەسەرنانی بەڕێوە بردووە. لەهەمان کاتدا هەندێکیش دەڵێن جەمشید پاشا ئاگری دیتۆتەوە و پێشکەشی خەڵکی کردووە، کەسانییتریش هەن کە ئەم باوەڕە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کە جەمشید شا تەنیا ویستویە لەم ڕۆژەو بۆنەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵک وەرگرێت و پرو پاگەندەی پێوە کردووە و خەڵکی پێ هەڵخەڵەتاندووە تا خەڵک پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ببەستن. سەرچاوەیتریش هەن کە هەمووی ئەم شتانە لەسەر جەمشید پاشا ڕەت دەکەنەوە و تەنانەت لەم بارەیەوە دەڵێن کە ژیانی ئەم پاشایە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بەسەرهاتەکانی زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشی کە بۆی هەڵبەستراوە بەرلەچاخی مێژوو بووە. لەهەمان کاتدا کەسانێکیش لەسەر ئەم باوەڕە بوونە کە لە ڕۆژی نەورۆزدا، خودای مەزن کاری ئافراندن و خەڵقکردنی جیهانی تەواو کردووە و لەم کاتەوە ناوی ئەم ڕۆژەیان ناوە نەورۆز.

ئەبو ڕیحانی بیرونی لە کتێبی ئاسارولباقییەدا (آثارالباقیة ) لە زمانی سەلمانی فارسی (یەکێک لە یارانی پێغەمبەر موحەممەد درووودی خودای لەسەربێت ) دەڵێت، ئێمە لە زەمانی زەردەشتی بوونماندا لەسەر ئەم باوەڕە بووبین کە : خودای مەزن بۆ ڕازاندنەوەی بەندەکانی خۆی زبەرجەدی(بەردێکی گرانبەهایە) لە ڕۆژی مێهرەگاندا و یاقوتی لە نەورۆزدا بە مرۆڤ بەخشیین و گەورەیی ئەم دوو ڕۆژە لەچاو ڕۆژەکانیتر، وەک گەورەیی یاقووت و زبەرجەد لەچاو زێڕ و زیوەکانیتر وایە.

بۆچوونێتریش لەسەر نەورۆز بەکورتی ئاوان کە گۆیا لەم ڕۆژەدا ئاگر دۆزرایەوە و خەڵگ ئاگریان کردەوە و لەدەوری کۆ بوونەوە و ناوی ئەم ڕۆژەیان نا نەورۆز واتا ڕۆژێکی نەو یان سەرەتایەکی نەوە.

سەرچاوە Serchawe

هەندێک لە شیعەکانیش لەسەر ئەم باوەڕەن کە حەزرەتی عەلی (ڕەزای خودای لەسەر بێت) لەم ڕۆژەدا لەدایک بووە. کەسانێکیش هەن کە دەڵێن نەورۆز لەلایەن شیعەکانەوە بۆ سەپاندنی خۆیان و کولتوری خۆیان داسەپێندراوە. ( بە قەولی عەرەبەکان وەڵڵا هو ئەعلەم).

**مامۆستا و شاعیری کورد، هێمنی موکوریانییش لەسەر ئەم باوەڕەبوو** کە هاتنە ئارای نەورۆز، پێوەندی بە ئابورییەوە هەبووە. مامۆستا هێمن لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگزدا دەڵێت: ئەو گەلانەی کە( چەند هەزارساڵ بەر لە ئێستا) لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکەو بۆلایەک ڕۆیشتن، هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابین کردووە، ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەم حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون و ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێی گەڕێ، کورد هەر کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری دەناڵێ. ئێستا هەرچەند بەداخەوە مەڕداری لە کوردستان زۆر کەم بۆتەوە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە و هەرکەس کرتکە مەڕێکی هەبێت، ئەو ڕۆژە بەران دەبەر مەڕ دەکات، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورماو شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکات، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە ناو مێگەل. بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر بەرانیان دەبەر مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ گرتووە، دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە مێهرجان و بە هەموو ڕۆژێکی خۆش دەڵێن میهرجان.

مەڕ بە-5-مانگ دەزێ و پێشینییان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەراویشتنی کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن بێڵن دانا ، پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە-5-مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەنی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. هەروەها بەرخی مەستەشیر پاشی-١٣-ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەربکرێت و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ . ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان. (خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن).

بەر لە کۆتایی ئەم باسە دەم هەوێت ئاماژە بەم خاڵە گرنگە بکەم کە هەروەک لەسەرەتای باسەکەدا هاتبوو، بیروڕاکان لەسەر نەورۆز و چۆنییەتی و هۆکاری هاتنە ئارای ئەم ڕۆژە لەلایەک زۆر و لەلایەکیتر زۆریش لێک دوورن. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم جیاوازییانە، بەم پێیە کە گەلی مافخوراو و دابەشکراوی کورد، بۆ ڕزگاریی خۆی ، زیاتر لەهەموو نەتەوەیەکیتر پێویستیی بە یەکڕیزیی و یەکگرتوویی هەیە، دەتوانین لە ڕۆژی نەورۆز چ وەک ڕۆژی سەرەتای ساڵ و چ وەک جەژنێکی نەتەوەیی، بەبێ ئەوەیکە ئەفسانەسازی بۆ بکەیین و شتی ناڕاست دەرخواردی نەوەکانی داهاتوومان بدەیین، وەک یەکێک لە سەمبوولەکانی یەکگرتن سەیری ئەم ڕۆژە بکەیین و کەڵکی لێوەرگرین، هەروەک چۆن ئێستا لە باکوری کوردستان ئەم ڕۆژە کراوە بە ڕەمزی بەرخۆدان و چالاکیی جەماوەریی.

**لەکۆتاییدا لە سەر مێژووی نەورۆز لە ڕووانگەی منەوە،** چ سەرچاوەی نەورۆز هاتنی بەهار و زیندوو بوونەوەی سرووشت یان خود تەواوبوونی کاری خیلقەت بێت، چ باوەڕمان بە شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرو ڕووخانی کۆشکی زەحاک و تێکشکانی زوڵم و زۆرداریی یان دیتنەوەی ئاگر هەبێت یان خود بە ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەرێک یان گەورەپیاوێکی بزانین یان ئەم ڕۆژە لە ئایینێکی دێرینی خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەر لە مێژووشەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان بە قەولی مامۆستای خوالێخۆشبوو هێمنی موکریانی سەرچاوەی نەورۆز پێوەندی بە ئابووری خەڵکی ئەم ناوچانەوە ببێت و چ هەریەکێک لەم شتانە بە نیشانەیەک لە نیشانەکانی خودای مەزن بزانین، ئەوەی لە هەموو شتێک ڕوونترە ئەوەیە کە ڕۆژی نەورۆز لەلای خەڵکی ئێمە ڕۆژێکی خۆشە و ئەم خەڵکەش کە هەموو ڕۆژێکی خۆشییان لێ ئەستێندراوە و تەنیا بەشییان لە ژیان ژێرچەپۆکەبوون و چەوسانەوە بووە، ئەم ڕۆژەیان خۆش دەوێت و بەگشتیی بەهۆی هاتنەوەی بەهار و سەوزایی و تەواو بوونی سەرما و سۆڵە دڵیان شادە و ئێمەش بە شادی گەل و نەتەوە و سەوزایی نیشتمانی خۆمان شادین و نەورۆز و ساڵی تازە لە هەموو نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوەکانیتریش کە نەورۆز بە هی خۆیان دەزانن، پیرۆز دەکەیین و ئاواتمان ئەوەیە کە ساڵی تازە، ساڵی یەکیەتی و برایەتی گەلەکەمان ودەسکەوتی بەنرخ و تێکشکانی کۆشکی زۆرداران بێت. ئینشائەڵڵاە.

هەر لە شادی و خۆشیدا بن و ساڵی تازە لەهەمووتان پیرۆز بێت.

سەرچاوەکان:

- ئاسارولباقییەدا (آثارالباقیة ی ئەبو ڕیحانی بیرونی)
- چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز( مامۆستا هێمن)
- زەرتەشت ( عەبدوڵڵا قەرەداغی)
- هەندێک نووسراوەو مەقالەی بەربڵاو و هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی سورکێو بەرزەکانیی



# نەورۆز و مێژووی نەورۆز

حەمید تەیموری



خەڵکی کوردستان هەموو ساڵێک یادی جێژنی نەورۆز کە جێژنێکی زۆر پیرۆزە ئەکەنەوە و ئاهەنگی خۆشی و بیرەوەری مێژووی ڕابوردووی پڕ فیداکاری و لەخۆبوردنی تیا ئەگێرن و ئەیکەن بە سەرمەشق بۆ ڕەوتی داهاتوو، بۆ هێنانەدیی ژیان و گوزەرانێکی خۆش و سەربەرزانە و بۆ لەنێوبردنی ئەو هۆ سەرەکییانەی گەلەکەمانی لە گەلە
پێشکەوتووەکانی جیهان بەجێ هێشتووە. بۆیە هەموو ساڵێک لەژێر سێبەری هەر هەلومەرجێکدا بێ لە خۆشی و ناخۆشیدا گڕی گەشاوەی نەورۆز وەک جگەرگۆشەیەکی خۆشەویستی نەتەوەی کورد لە هەست و مەبەست و ژیانیدا جێگایەکی تایبەتی پێ خەڵاتکراوە، دەستێکی دەروونیانەی لە دروستکردن و داهێنانی شاکارانەی ئەدیب و بوێژ و نووسەری کورددا هەیە.
هەروەکو دەزانین، هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان لە کورد زۆرتر و دەسەڵاتدارتر بوون، بۆیە توانیویانە جێگای دەست و پەنجەی نالەباریان بە ناوچەوانی کورد و خاکی کوردستانەوە دیار بێت و بتوانن لە گەلانی ژێردەستەی تری خۆیانی زیاتر بەرەو دواوە بەرن. بەڵام سەرەڕای ئەمەیش نەتەوەی کورد هەردەم چاوقایم و نەبەز و خۆپەروەر و وڵات خۆشەویست بووە. هەر چەندە هەمیشە تای تەرازوویش بەلای دوژمنانیا قورس و لاسەنگ بووە، بەڵام ئەم هەرگیز نەچۆتە خانەی خۆبەدەستەوەدان و سەرشۆڕییەوە. ڕێبازی بەربەرەکانی سەخت و درێژخایەنی گرتۆتەبەر، خۆشبین و بڕواکردوو بووە بە سەرکەوتن، خۆی لە تواننەوە و خاکەکەی لە لوشدان پاراستووە.
ئەم دژکردەوە مێژوویی‌یە سەختە خوێناوییە دەیان و بگرە سەدان ساڵە بەردەوامە. لە هەوێنی داستانێک سەدان داستانی قارەمانێتی و دلێری و فیداکاری سەرسووڕمێنی درووست کردووە. سەدان لاوک و حەیران و قەتار.. هتد بۆ ئەم داستانانە لە دەشت و هەڵەت و کێو و گوێ ڕووبارە سازگارەکانی کوردستان دەنگیان داوەتەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەو چیرۆکانەیش هەر یەکە وەکو ڕۆژی نەورۆز لە ڕۆژانی تایبەتی خۆیاندا یادبکرێنەوە، هەموو جارێک وزەی دەروونی (التاقە النفسیە) ئەو چیرۆکانەیش یەک لەدوای یەک خراونەتە سەر وزەی نەورۆزی و بەم پێیە بۆتە شاتاقانە جەژنی کورد و کوردستان. بۆیە ئەم چێژ و پێز و وزەیەی پێوە دیارە و تاکو دێت هەر گەشەدار و پرشنگ دوورڕەوتر ئەبێت.

## نەورۆز و مێژووی نەورۆز

وشەی نەورۆز واتە ڕۆژی نوێی سەری ساڵ. نەورۆز وەکو ڕۆژێکی نوێ، بریتییە لە ڕووداو و بەسەرهاتێک کە گەلێ پلە و قۆناخی مێژوویی جۆربەجۆری بەخۆیەوە دیوە، چەپۆکی ڕۆژگار زۆر جار تلاوتلێن و دەساودەستی هەمەڕەنگەی پێکردووە، لە هەر بوارێکدا بەرگێکی تایبەتی دەورێکی دیاریکراوی بەباڵادابڕیوە، لە هەر زەمان و سەردەمێکا مانا و ناوەڕۆکی خۆی هەبووە و لە گەڵ کاروانی بێوچانی ئادەمیزادا گەیشتووەتە ئەم دەور و ڕۆژەوە و بووە بە جێژنێکی نەتەوەیی کە هەموو ساڵێ لە سەرانسەری کوردستاندا گەورە و چوکەی خەڵکی کورد بە ئاهەنگ و شایی و زەماوەندەوە ئەیبەنە سەر و بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز لەسەر لوتکەی شاخ و کێو و لە شار و دێهاتەکان یادی پیرۆزی ئەکەنەوە و هەمیشە لەژێر ناو و ئاڵای بەڵێن و پەیمانی خەباتی بێ پشوو دووپات ئەکەنەوە بەرەو ئامانجەکانی گەل هەنگاو بنێن تا بە ڕزگاری نەتەوەکەمان شادبن و دەست لە ملی هیوای بەرزیان بکەن.
بایەخێک کە ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە بە نەورۆزی دەدەن و ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیانە کە لە سەرانسەری جیهاندا بە بۆنەی نەورۆزەوە وەرێیاندەخەن، نیشانەی ئەوەن کە نەورۆز بۆتە یەکێک لە سەمبولە گرنگەکانی کەسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد. لە لایەکی ترەوە نەورۆز نیشانەی زاڵبوونی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا، خێر و خۆشی بەسەر سەغڵەتیدا، فەرعانی بەسەر قاتوقڕی و گرانیدا و بەکورتی سەمبولی سەرکەوتنی چاکە بەسەر خەرا پەدایە.
بێگومان جێژنی نەورۆز وەکو هەموو جێژنەکانی تری ئەم گەلانە و هی هەموو گەلانی تری جیهان، وردەوردە بووە بە بەشێک لە میرات و کەلەپووری مێژووی ڕۆشنبیریی خەڵکی کورد. لایەنە سیاسی و ئابورییەکانی بەپێی هەلومەرجی نوێ و پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دوای تێپەڕبوونی سەدان و هەزاران ساڵ بەسەر دامەزراندنیا، ئەو بەرگەی جارانی لێ داماڵراوە و بە بەرگێکی نوێوە هاتۆتە کایەوە و لە جێژنی چین و کۆڕ و کۆمەڵێک و جێژنی چاخ و زەمانێکی دێرینەوە بووە بە جێژنی هەموو گەل و هەموو چینێک؛ بووە بە جێژنی ئاشتی و ئاسایش و نەورۆزی بەختیاری.

## با بزانین لێکۆڵێنەران و نووسەرانی کورد و بیانی چۆن مێژووی نەورۆزیان لێک داوەتەوە:

مامۆستا عبدالرەحمان زەبیحی لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا وتارێکی بە ناوی "با تەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین" بڵاوکردووەتەوە کە تیایا ئەڵێت: "فیردەوسی لە شانامەدا جێژنی نەورۆز دەباتەوە زەمانی جەمشیدی جەم و ئەڵێ: جەمشید کە هاتە سەر تەخت لەپێشدا ئاسنی نەرم کرد و کڵاو و خۆدە و زرێ و خەفتان و ڕەختی دروست کرد، پاشان لە کەتان و ئاوریشم و کەژووموو قوماشی تەنی، دوایی خەڵکی فێری خۆشتن و درومان و جل لەبەرکردن کرد...؛ فەرمانی دا بە دێو بە خشت و بەرد و گەچ خانوو، حەمام، کۆشک، هەیوان درووست بکەن؛ زانستی حەکیمی داهێنا و کەشتی دروست کرد. دوای ئەوە تەختێکی جەواهێربەندی بۆ خۆی ساز کرد، دێو هەڵیانگرت و دەیانبرد بۆ ئاسمان. خەڵکی لێی کۆبوونەوە و کردیانە جێژن و شایی."
پاشان درێژە بە وتارەکەی دەدا و دەڵێ: "جەمشید کێ بووە و لە کوێ بووە؟" لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دا ئەڵێت: "فیردەوسی بە پاشای چوارەمی بنەماڵەی پێشدادی بووە کە لە قەڵاتی ئێراندا یەکەم جار پاشایەتیان کردووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئارکیولۆژی (ئاسەوارناسی) وا نیشان ئەدا کە یەکەم بنەماڵەی پاشایانی ماد بوون و بەم جۆرە پێشدادی و میدیا هەردووکیان دەبنە یەکەم بنەماڵە کە لە قەڵاتی ئێرانا پاشایەتیان کردووە."
مامۆستا زەبیحی پشت بە فیردەوسی و هەندێک نووسەری تر باسەکەی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێ کورد خاوەنە ڕەسەنەکەی نەورۆزە. هەر چۆنێک بێ لەم باسانەدا وا دەرئەکەوێ کە نەورۆز بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی پێشدادییەوە هاتوەتە کایەوە کە ئەوانیش باپیرانی مادن و مادیش بە باپیرەگەورەی کورد لەقەڵەم دەدرێن.
کەواتە دوو خاڵی گرنگمان لێرەدا بۆ دەردەکەون: یەکەم، نەورۆز لەگەڵ درووستبوونی و دامەزراندنی یەکەم پاشانشینی جەمشید، واتە یەکەم دەوڵەتی پێشدادیدا دامەزراوە و پەیدا بووە، ئینجا بەدوای ئەواندا لە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووانەتردا بووە بە جێژنی ئیمپراتوریەتی ماد. دووەم، کورد لە هەموو گەلە ئارییایینەژادەکانی تر زیاتر خاوەنی ڕەسەنی ئەم جێژنەیە.
ئەوجار دوای سەلماندنی ئەم ڕاستییە باسێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتنی کاوە و شکستی زەحاک نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جێژن یان ڕاستتر بە سێ جێژن. جێژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگەی کورد و گەلە ئارییاییەکانی تردا. دووەم، کە هەر خۆی کەوتووەتە یەکەم ڕۆژی بەهاری کوردستانەوە کە ڕۆژی ڕاوە دوونانی زستانی سارد و سڕ و بەستەڵوک و بێکاری و بێ پیت و بەرەکەت و قاتوقڕی بووە. لە چاخی ئەوسای کوردستاندا زستان بێدەرامەتی و بێدەسەڵاتی و بێچارەیی لەگەڵ خۆیدا بۆ کێش کردوون.
بە وتەی دوکتۆر محەممەد موعین لە کۆندا ساڵ دوو وەرز بووە، وەرزی زستان دە مانگ و وەرزی هاوین دوو مانگ، و وایش دەرئەکەوێت کە نەورۆز لەدوای تەواوبوونی ئەو زستانە دوورودرێژ و سەختە یەکەم جار پەیدا بووبێت کە وەکو لە کتێبی ("العەسر الجلیدی البلاستوسینی فی کوردستان")دا ئەڵێت: ئەگەر بەپێی چیای ئاڵپ ڕۆژانی دوای بەستەڵوک بوونی کوردستان بەراورد بکەین، بێگومان ئەبێ بڕیار بدەین کە ئاووهەوا پێش ١١٠٠٠ تاکو ٩٠٠٠ ساڵ ڕۆژانی ساردی تیا تەواو بووە و خانەسەهۆڵی کوردی سەبارەت بەوەی لە هی ئاڵپی بچووک تر بووە، گۆڕانی ئاووهەوا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر زیاتر گۆڕیوێتی...
. ئیتر بەم پێیە نەورۆز دوای ڕۆژانێکی زۆر سەخت و گران کە ژیان تیایا یەکجار قورس و دژوار بووە هاتۆتە کایەوە.
کۆمەڵگەی ئەو کاتە تیایا پێی ناوەتە وەرزی بەهاری ڕەنگینی گوڵ و نەسرین و نێرگز و گوڵاڵە سوورەی دەشت و کێوان و ئاووهەوای سازگار و پیت و فەڕ و بەرەکەتی خاکی کوردستان و بووژانەوەی گیانەوەر و دەستکەوت و داهاتی وڵات و کۆمەڵانی خەڵکەوە. پاش ئەو هەموو ساڵانە کە هاتوون و چوون چیرۆکی کاوە و ئەژدەهاکیشیان بە نەورۆز زیاد کردووە کە گوایا کاوەی ئاسنگەر ئەژدەهاکی لەنێوبردووە و جارێکی تر نەورۆز بە ئازادی و ڕزگاری تێپەڕ بووە و جەژن بووە بە سێ جەژنە؛ جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت و جەژنی ڕزگاربوون لە قاتوقڕی زستان و جەژنی ڕوخانی شایەکی زۆرداری ڕێژیمێکی

Serchawe سەرچاوە

کوێلەیەیی.ئەوەی ڕاست بێ چیرۆکی کاوە و ئەژدەهاک کە لە ڕۆژی نەورۆزدا ڕوویداوە، وەکو هەموو چیرۆکە مێژووییە کۆنەکان لە شێوە و ئەفسانە پۆشیدا بەرگێکی تایبەتی کراوە بە بەردا. بەڵام لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا بریتییە لە بەربەرەکانی نیوان فەرمانڕەوایەکی زۆردار و گەلێکی زۆرلێکراوی خەباتکەری بڕوا بە سەرکەوتن کردوودا.

**ماموستا زەبیحی دەربارەی بەسەرهاتی ئەژدەهاک ئەمەی خوارەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:**

"ئەژدەهاک بە شەققە مەشار جەمشیدی داهێنا و خۆی کردە پاشا. دوو مار لەسەر شانی ئەم ئەژدەهاکە بوون، کاتێک برسی دەبوون سەریان دەخستە کونە گوێچکەیەوە و ئازاریان دەدا. بە ئامۆژگاری حەکیمان بۆ چارەکردنی ئەم مارانە هەموو ڕۆژێک دوو لاویان دەکوشتن و مێشکەکەنیان دەرخواردی ئەو دوو مارانە دەدان تاکو ئارام بن و واز لە ئەژدەهاک بێنن. چێشتکەرەکەی پاشا پاش ماوەیەک هەر جارەی لاوێک لەو دوو لاوەی بەرەڵلا دەکرد و لەباتی مێشکی سەری ئەو، مێشکی حەیوانێکی تێکەڵ ئەکرد و دەرخواردی مارەکانی ئەدان. ئەمانەی بەم جۆرە ئازاد ئەکران، ڕوویان ئەکردە شاخ و کێو تاکو بەرە بەرە زۆر بوون. کاوەیش ئاسنگەرێک بوو چەند کوڕی کوژرابوون تەنیا کوڕێکی مابوو کە بۆی چوون ئەویش بکەنە قوربانی، کردی بە هەرا و کەوڵە چەرمەکەی بەسەر دارێکەوە کرد و خەڵکی لێ کۆبووەوە و پەلاماری کۆشکی ئەژدەهاکیان دا و بردیان لە کێوی دەماوەند بەندیان کرد. فەرەیدوون کە پاشازادەیەک بوو لەجێی ئەویان دانا و ئەو ڕۆژەیان کرد بە جەژن..."

مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوایی سوورن لەسەر ئەوەی زەحاک یان ئەژدەهاک نێوی بیوراسبە و ئەم ناوەیش لەوەوە هاتووە کە خاوەنی دە هەزار ئەسب بووە. دوای جەمشیدی پاشای پێشدادی هاتووە و هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتی بەسەر کۆمەڵگەی پێشدادیدا کردووە. زەحاکیش بۆیە توانیوێتی بەسەر جەمشیددا سەرکەوێ چونکە جەمشید لە سەرەتاوە خواناسی کردووە و دادپەروەری لەنێو خەڵکەکەدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی وردەوردە خۆشەویست بووە و خەڵکی زیاتر لە دەوری کۆبوونەتەوە و سەرکەوتنی تازەی بەدەستهێناوە، لە خۆی بایی بووە و داوای لە خەڵکەکە کردووە بە خودای بناسن. ئیتر خەڵکەکە وردەوردە لێی ڕەویونەتەوە و چوون لە وڵاتێکی دوورەوە زەحاکیان هێناوە و لەسەر تەختی جەمشید دایانناوە. زەحاکیش دوو خۆشکی جەمشید بە ناوەکانی ئەرنەواز و شەهرەنازی لە خۆی مارە کردوون. ئیتر جەمشید لەدەست خەڵکەکە هەڵاتووە و سەد ساڵ خۆی شاردووەتەوە، ئەوجار دوای ئەوە زەحاکیش دەستیکردووە بە زوڵم و زۆر و پیاوکوشتن و چەوساننەوەی خەڵکی. کاوەی ئاسنگەر کە خۆیشی لە شازادەکانی پێشدادی بووە زەحاکی لەنێو بردووە و شازادە فەرەیدونی پێشدادی دورخراوەی هاوردووەتەوە سەر تەختی پاشایەتی لە کۆمەڵگەی پێشدادییەکاندا.

ئەوەی ڕاستی بێ دەربارەی ڕەسەنی زەحاک دوو بیر و بۆچوونی جیاواز هەن: یەکەمیان، ڕەسەنی زەحاک لە پێشدادی جیا ئەکاتەوە و ئەیبەستێ بە سامییەوە. بەتایبەتی بە خەڵکی وڵاتی یەمەنەوە کە زۆر جاریش حەبەشەیان پێ وتووە و هەندێ جار دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران دەستیان تێدا بووە. بۆچوونی دووەم، زەحاک کە بە ئەژدەهاک بەناوبانگە هەر بە شازادەیەکی پێشدادی لەقەڵەم ئەدات بەڵام بۆچوونی یەکەم سەرچاوەی زیاتر و مێژوونووسانی زۆرترە.

لە کتێبی "حماسه سرای در ایران"دا وا هاتووە کە "لە سەرجەمی ئەوانەی باسیان کردوون وا دێتە بەردەم کە ئەژدەهاک پیاوێکی پاشانشینی ڕۆژئاوای ئێران بووە و بە سەرزارەکی لە ئاشور یان کلدەوە هاتووە بۆ ئێران و وەکو ئەزانین پێش دامەزراندنی دەوڵەتانی ماد و هەخامەنشی چەند جار ئێران دوچاری هێرشی ئاسوری و کلدانی بوو."

**ماموستا شوکور مستەفا** لەسەر نەورۆز لەدوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام ئەڵێت: "تا ماوەیەک ڕێوڕەسمی نەورۆز کز بوو تا حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زۆر بە گەرمەوە ئەم ڕێوڕەسمەی کردووە بە عادەت، وەکو شاکانی ئێران لە نەورۆزە و میهرەگانا دەست و دیاری و بەخشینی وەرئەگرت، هەروەها خەلیفە "المئموون" بایەخی بە نەورۆز داوە، لە دیوەخانی خۆیدا باسی کردووە و دیاری تیا وەرگرتووە، و عەبدوڵلای کوڕی تاهیریش یەکێک بووە لەوانەی نەورۆزیان لەنێو موسڵماناندا زیندوو کردووەتەوە و لە گەلێ نووسین و شیعری شاعیرە گەورەکانی عەرەبدا باسی نەورۆز بەرچاو ئەکەوێت، وەکو جەریر و بوحتوری و عەلی کوڕی یەحیای مونەججیم و جاحیز و مەسعودی و بەیرونی و جەوالیقی... هتد."

**نەورۆز لە کوردستاندا سێ قۆناخی هەبوون**

**یەکەم،** هەتەرێ و مەتەرێی قەرە چوارشەممە و قرە چوارشەممە کە دەکەوێتە ڕۆژێکی چوارشەممەی پێش نەورۆزەوە کە چوارشەممەی دوایی دەکەوێتە پاش نەورۆزەوە، ئاشکرایە ئەمە لە ڕۆژێکەوە تاکو شەش ڕۆژ لەگەڵ نەورۆز لێک دوور دەبن. لە ئێوارەی ئەم ڕۆژەدا لە هەموو لایەکەوە فیشەکەشێتەیان هەڵداوە و شەویش لاوان لە لادێ، بانەوبان بە ماڵانەوە دەگەڕان. لە شارانیش دەرگا و دەرگا گوریس یان پشتێنیان لە کۆڵانەکاندا دادەهێشتە خوارەوە و دەیانوت هەتەرێ و مەتەرێ سەری ئاوڵانم... شتێکمان بۆ باوێژنە سەرێ، بێننە دەرێ.

**دووەم،** لە جەژنی نەورۆزدا ئەو ئێوارەیەی بەیانییەکەی نەورۆزی تێدا دەکرێ، لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگر دەکرێتەوە. ڕۆژەکەیشی وەکو خانی لە مەم و زین دا باسی کردووە خەڵکی ڕوو دەکەنە دەشت و دەر بۆ شایی و کەیف و هەڵپەرکێ.

**سێیەم،** سێزدەبەدەر دەکەوێتە سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆزەوە. لەم ڕۆژەیشدا خەڵکی پاش نیوەڕۆکەی ڕوودکەنە دەشت و دەر و گوایە گرانایی ساڵ لە خۆیان ئەکەنەوە.

پاش شی کردنەوەی ئەم سێ خاڵە ماموستا زەبیحی ئەڵێت: "ئەگەر شۆڕش بەوە بزانین کە لە پێشەوە ئەبێ خۆی بۆ ساز بکەن و خەڵک ڕێک بخەن، ئەوا ناردنە دەرەوەی لاوە ڕزگاربووەکان بۆ دەرەوە لەبەر چاودایە، شۆڕشیش دژی ئەژدەهاک پێویستی بە ئاگادارکردنی دۆستانی شۆڕش هەبووە. هەتەرێ و مەتەرێ و بانەوبان گەڕان و ماڵەوماڵ کردن بۆ ئاگادارکردنی خەڵک بووە. ئەم قسانەیش ئەو شفرەیە بوون کە پێش ڕۆژی شۆڕش بە شۆڕشگێڕان ڕاگەیاندراون. ڕووخانی ئەژدەهاک پێویستی بە پەلاماردان هەبوو. پەلاماردانیش سەعاتی سفری گەرەکە، ئاگری سەر لوتکەی بەرزی چیاکان کە تا ئەم دواییەش لە دێهاتی کوردستاندا بۆ ئاگادارکردنی یەکتری لە دیتنی مانگ بۆ جەژن کردن کەڵکی لێوەرگیراوە، ئەم ئاگرکردنەوەیە بۆ ئەم مەبەستە بووە.

**نەورۆز لەنێو مێژوونووس و ئەدیبانی کورددا**

پێویستە لە باسی نەورۆزدا هیچ نەبێت گەشتێکی سەرپێیی بە ناو بەرهەمی مێژوونووسان و ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسانی کوردستاندا بکەین، تا وێنەیەکی گشتی ئەم دیاردە نازدارە بکێشین و بیخەینە پێش چاوی خوێنەران. مێژووی کوردیش لە فۆلکلۆری کوردییەوە تاکو پۆپەی باری کۆمەڵایەتی لەم باسەدا ڕەنگ ئەداتەوە.

لە هەموو کوچە و پەنایەکی کوردستاندا لەناو هەموو تیرە و کوڕ و کۆمەڵ و چین و توێژاڵێکدا، لای هەموو کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد، لای مەلا و شێخ و گەنج و ئایندار و جیهانویستێکی کورددا نەورۆز هەر پایەبەرز و بایەخدار و مژدەبەر بووە. لەبەر ئەوەیە هەروەکو پیرەمێردی نەمر ئاگری نەورۆزی لە شاری سلێمانیدا کردۆتەوە، هەروەها سەدان هاوکار و هاوشانی تری پیرەمێرد لە شارەکانی دهۆک، دیاربەکر، بەتلیس، قامیشلی، مەهاباد، سەقز، سنە و کرماشان... هتد ئاگری بڵێسەداریان لە چیا سەرکەشە ڕەنگینەکانی کوردستان بە هەمان ویست و هیواوە لە هەموو هەلومەرجێکی لەبار و نالەباردا کردووەتەوە.

ئەگەر سەیری وێژە و هەڵبەست و چیرۆکی دەسترەنگینانی سەرانسەری کوردستان بکەین ئەبینین نەورۆز مەشخەڵێکی تیایاندا بەدەستەوەیە، ڕەوتی کۆڵنەدان و ئومێد و مەبەست، وەک ئاڵای بەرشەماڵ ئەشەکێتەوە و وەک ئاوی دەریاچەکانی کوردستان شەپۆل ئەدا. بۆیە شەرەفخانی بەتلیسی و ئەحمەدی خانی و بابە تاهیری هەمەدانی و پیرشالیاری هەورامی و گۆران و شێخ مەحمودی نەمر و دەیان پیاوانی کوردی خاوەن شکۆ و دەسترەنگین و کوردپەروەر لەمەو بەر و ئێستا و لەمەودواش هەر لەسەر ئەم ڕەوت و ڕێبازە بڵێسەی ڕووناکی نەورۆز گەشاوە و خۆشتر ئەکەن. **مەلای جەزیری لە نێوان ساڵانی ١٤٨١-١٤٠٧دا لە هەڵبەستێکدا ئەڵێت:**



"بێ نار و نورێ محبتی بێ نقش و سونعێ قدرەتی
ناچین مقامی وسڵتی نور لنا والیل داژ
ئەڤ نور و سیقالادا لە دائم لوێ قالەدا
نەورۆز سەر سالاد لە وقتی هەلتین ئەو سراج
خەتا بنورا بادەئی ڕەنگین نەکی سجادەئی
دوری ژوی شەهزادەئی دوردانە یا گەردن ژعاج"

**هەروەها دوای مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی دەسترەنگین و بەناوبانگ کە لە نێوان ساڵانی ١٧٠٦-١٦٥٠ ژیاوە نەورۆزی بەم هەڵبەستە ڕازانۆتەوە:**

"نەڤرۆز
دانای معمری کوهەن سال

سەرچاوە Serchawe

ئەڤ ڕەنگە کوژ بومە ئەحوال
کو عادەتی پێشیی زمانان
ئەڤ بول هەمی جەهو مکانان
وەقتی وەکو شەهورای خاوەر
تمویلی دەکرە ماهی ئازار
یعنی کو دەهاتە بورجی سەر سال
قەت کەس نەدمادمکسن و دمال
بەلجملە دچونە دەر ژمالان
عتاد گەهشتە پیر و کالان
ڕۆژا کود بویە عیدی نەورۆز
تەعزیم ژ بودمال ئەفرۆز
سەعرا و چەمەن دکنە مسکن
پەیدا و دەمەن دکرنە گولشەن
خاسما اعزب و کچی دباکر
القسە جواهری د نادر
تێک دا دمزنی و ملبس
فێکر ل تفرجی مرخس
لکن نەبە تهمت و بەمنت
بەلکی بە تەریقی شرع و سفت
ئەو بو کوچ تالب و چ مەتلوب
یعنی دە تەرەف محب و محبوب
ئەڤ هەر دو جلب کو هەڤ ببینن
کقوی دفە ئەو ژ بو خوبین"



هەروەها مەولەوی شاعیریش نەورۆزی ئاوەها هۆنیوەتەوە:

"نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
یانێ: ئازیزەم یەنامەی تۆ بۆ
ئەی ئەسرین گەرم تاوتاوە ڕاسەن
ئەی دڵەی پەی من هوو ناوەڕاسەن"

پیرەمێردی نەمریش پێش کۆچی دوایی ساڵی ١٩٥٠ پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە کورد و نەورۆز بکا هۆنراوەی نەورۆز، ئەم شاکارە ڕەنگینە هەمیشە زیندووەی بۆ بەجێ هێشتوین. دیارە ئەم هۆنراوەی بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩ هۆنیوەتەوە:




"ئەم ڕۆژەی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەم ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد
ئەوا ڕۆژهەلات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
هەر خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وان لە دڵی میللەتا ئەژین"

ئەمانە چەپکێک لە مێرگ و مێرگوزاری فراوان و ڕازاوەی پڕداستانی بەرهەمی بە خوێن و ئارەق و فیداکاری هاتوەتە کایەوە. بە تاڵی و شیرینی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەوێن کراو... بەو هیوایە خوێنەران بەم چەپکە ڕازی بن. سەری ساڵی نوی لە هەموو خەڵکی کورد پیرۆز بێ و بەو هیوایە ژیانێکی بەختەوەر و ئازادیان هەبێ لە سایەی کوردستانی فیدرالدا.

مارسی ٢٠٠٦

سەرچاوەکان:


١. "داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان" نووسینی حلمی علی شریف، ساڵی چاپ ١٩٩١ بەغداد.
٢. وتاری "نەورۆز، ساڵی ٢٠٠٥ " لە نووسینی: حەمید تەیموری.

Serchawe

# نوام چۆمسکی: ئەگەرەکانی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ١٠ ساڵ لەمەوبەر زیاترن

نامۆ عەبدوڵا

پێنج مانگ لەمەوبەر ئیمەیلێکم بۆ نوام چۆمسکی نارد تاوەکو هەڤپەیڤینێکی تەلەفۆنی لەگەڵ سازبکەین، لەسەر دۆزی کورد، بەتایبەتی لە عێراق و تورکیا، بۆ ماڵپەڕی ئینگلیزی رووداو. وەڵامەکەی چۆمسکی دەریخست کە ئەم بیرمەندە تەمەن ٨٣ ساڵەیە هێشتا مەسەلەی کورد بەشێکی گرنگی ژیانی فیکریەتی. چۆمسکی بۆی نووسیم "تازە لە ئیستەنبوڵ گەڕاومەتەوە، لە کۆنفرانسێک لەسەر ئازادی رادەربڕین کە بە زۆری تایبەت بوو بە کورد. خۆزگە دەمتوانی هەڤپەیڤینێکی دیکە بکەم. بەڵام داوای لێبووردن دەکەم، کە تاوەکو مانگی کانونی دووەم دەبێ هەرچی داواکان هەیە رەتبکەمەوە. تەنیا ساتێکیش بەتاڵ نیم پێش ئەوکاتە، دەزانم رەنگە قورسیش بێت بڕوابکەی". بێگومان بڕوام کرد و تەنانەت بەڵێنێکی لەم جۆرەش خراپ نەبوو. دوای چوار مانگ، واتە دروست لە مانگی کانوونی دووەمدا، ئیمەیلێکی دیکەم بۆ ناردەوە. چۆمسکی پێیگوتم پەیوەندی بە بیڤ ستۆهل بکەم، کە دیدارەکانی ئەو رێکدەخات. دوای چەند ئیمەیل و تەلەفۆنێک گفتوگۆکەمان لەرۆژی ١٥ ی شوباتدا ئەنجامدا، کە هاوکاتبوو لەگەڵ ١٣ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کینیاوە بۆ تورکیا.



لەڕاستیدا هیچ کەسێک ناتوانێ لە چەند پەرەگرافێکی کورتدا باسی بیرمەندی ئەمریکی چۆمسکی، بکات (نیویۆرک تایمز) دەڵێت رەنگە گەورەترین بیرمەندبێ کە ئێستا لە ژیاندا مابێ. بەپێی ماڵپەڕی ویکیپیدیا، چۆمسکی زیاتر لە ١٥٠ کتێب و سەدان وتاری نووسیوە. ئەم فەیلەسوفە، نووسینەکانی دوو جۆرن. ئەو نووسینانەی لە سەر زمانناسین کە پسپۆڕی تێدا هەیە و نزیکەی ٤٠ ساڵە تیۆرەکانی ئەو هەژموونی بەسەر زۆربەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئەمریکا و دونیادا گرتووە. بەشی دووەمی نووسینەکانی ئەوانەن کە لەسەر زمانناسی نین. زۆربەیان لە سەر سیاسەت و فەلسەفەی سیاسین، کە نێوبانگێکی زیاتری لەنێو خەڵکدا پێداوە.

لە شەڕی ڤێتنامەوە، چۆمسکی رەخنەگرێکی جیدی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. لە نووسینەکانیدا، پاڵپشتیکەرێکی گەورەی میللەتانی چەوساوەی وەک کورد و فەلەستینییەکانە. لە ١٩٧٥دا یەکێکبوو لەکۆی ئەو کۆمەڵە بیرمەندەی کە نامەیەکیان بۆ جیهان نووسی لەبارەی بارودۆخی ناهەمواری ئەوکاتی کوردی باشووری کوردستان.

**پرسیار:** لە دوایین هەڤپەیڤیندا کە نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ بەڕێزتان ئەنجامدا جەختمان کردە سەر عێراق. بەڵام ئەمجارە، دەمەوێ فراوانتر قسەبکەین لەسەر کورد لە عێراق و تورکیاش. لەکاتێکدا ئەو هەموو گۆڕانکاریانە دەبینین کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا روودەدەن و ئەوەی پێشتر لە میسر و توونس روویاندا، حەزدەکەم بۆچوونت بزانم لەسەر بارودۆخی ئێستای کورد بەشێوەیەکی گشتی لە تورکیا و عێراق؟

**چۆمسکی:** لەڕاستیدا، تەنیا تورکیا و عێراق نییە. سوریا، ئێران و چەند بەشێکی رووسیاش دەگرێتەوە. تۆ دەزانی و پێویست ناکات من پێت بڵێم، کە کورد گەورەترین گرووپی نەتەوەیی و کولتورییە هەرگیز نەیانتوانیوە هەرێمێکی نەتەوەیی (دەوڵەت) بەدەستبێنێ. هەنگاو بۆپێشەوە نراون. بۆ نموونە، لە باکووری عێراق، رێژەیەک لە ئۆتۆنۆمی و بارێکی ئاسایش بوونی هەیە کە پێشتر نەبووە. پرسی ئەوە هەیە کە چۆن کوردی ئەوێ بتوانن ئەم هەلە بقۆزنەوە و کۆمەڵگەیەکی تەواو شیاو بۆ خۆیان دروستبکەن و ببنە مودێلێک بۆ ئەوانیتریش. تورکیا، کە لەڕاستیدا چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لەوێبووم، بارودۆخەکەی باشتر بووە. یەکەمجار کە لەوێبووم، نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەربوو، بارودۆخەکە زۆر ترسناک بوو. دروست دوای ئەو ماوەیەبوو کە توندوتیژی و سەرکوتکاری و وێرانکاری گەیشتبووە ئەوپەڕی توندی. خەڵکی دەترسان ئەو رەنگانە بەکاربێنن کە گوزارشت لە کورد دەکەن، بەنهێنی نەبوایە نەیاندەتوانی بە زمانی خۆیان قسە بکەن و، ئیدی بەم شێوەیە. ئەمە بەرەوپێشچوونێکی خاوی بەخۆیەوە دیوە. ئێستا جۆرێک لە دانپێدانان بە شەرعیبوونی شوناسی کورد لەلایەن حکومەت و رێژەیەکی زۆری خەڵکەوە دروستبووە. کورد، ئەگەر بەو دیالێکتە سەیرانە قسە بکەین، هیچیتر بە "تورکی شاخاوی" ناونابرێن. بۆیە ئێستا کورد رێژەیەک دانپێدانانیان وەرگرتووە. ئێستا پەخشی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی بەزمانی کوردی هەیە. ئێستا بەڵێندراوە کە کوردی لە قوتابخانەکان بخوێنرێ، ئەوە مەسەلەیەکە کە هێشتا بەتەواوی چارەسەر نەکراوە. لەهەمانکاتدا، هەنگاوی پاشەکشە بینراوە. کاتێک مانگی تشرینی دووەم لەوێبووم، دادگاییکردنی ١٥٠ سەرکردەی کورد کە هەندێکیان کەسانی بەنێوبانگن، وەک عوسمان بایدەمیری سەرۆک شارەوانی دیاربەکر، بەڕێوەبوو. چالاکڤانەکان کەسانی توندوتیژ نەبوون و ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵیان بە تەواوی بێ مانابوون. بەڵام تۆمەتبارکرابوون و پێموایە ئێستا دواخراوە و پێدەچێ حکومەت نەیەوێ سووربێ لەسەر جێبەجێکردنی تۆمەتەکانی. بەشێوەیەکی گشتی، هەنگاو بەرەو پێشەوە نراوە، ئاستێک لە پێشکەوتن بەدەستهاتووە. حکومەتی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتەکانی سوریا و ئێران باشترکردووە، بەڵام هێندەی من بزانم ئەمە کاریگەری نەکردووەتە سەر بارودۆخی کورد وەک کەمینەیەک لەو وڵاتانەدا. رێگەی درێژ ماوە ببڕدرێ، بەڵام پێموایە هەنگاوی جیدی بۆ پێشەوە نراون و ئەو ئۆتۆنۆمییە رێژەییەی کە کوردی باکووری عێراق بەدەستیان هێناوە بەردەوامی بەم هەنگاوانە داوەو، هەلی رەخساندووە کە دەکرێ بقۆزرێتەوە.

**پرسیار:** وەک ئاماژەت پێدا بێگومان گۆڕانکاری روویداوە لە تورکیا. بەڵام پێناچێ کورد، بەتایبەتی پارتی ئاشتی و دیموکراتی ت.ا.ع و پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک، بەم گۆڕانکاریانە خۆشحاڵبن. بۆچوونی ئێوە چییە؟

**چۆمسکی:** لەڕاستیدا، ئەم دادگاییکردنانە بەرامبەر پارتێکی سیاسی رێکخراون. هێشتاش مەحاڵە دان بە هێزێکی سیاسی شەرعی کوردی لە وڵاتدا بنرێت و ئەمە ململانێیەکە و هێشتا بەردەوامە. بەڵام پێموایە چەند ئەگەرێکی باش لە ئارادان. مەبەستم ئەو کۆنفرانسەیە کە مانگی تشرینی دووەم لە ئیستەنبوڵ بەشداریم تێدا کرد. کۆنفرانسێک بوو بۆ رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و رۆشنبیران و چالاکڤانەکان و چەند کەسێکی بیانی وەک من و کەسانی دیکەی لێبوو. ئێستا دانپنان بەوەی چەوساندنەوەی زمانی کوردی ناشەرعییە و پێویستە کۆتایی پێبێت لە زیادبووندایە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو. راستە زۆر شت هەیە کە کورد لەبارەیانەوە ناڕازی بێ، وەک سزادانی ئەو پارتە سیاسییەو ئەو دادگاییە بێ مانایانەی کە بەڕێوەن. دادگاییکردنەکان رەنگە ئەنجامبدرێن و رەنگیشە ئەنجامنەدرێن. نازانم، ئێستا خەریکە دوادەخرێن، بەڵام هێشتا لە ماوەی رابردوودا بەرەوپێشچوون بینراوە کە پێموایە دەبێ پێیان خۆشحاڵبین و وەک هەلێک یاخود جۆرێک لە کەلەپوور سەیری بکەین کە دەتوانی لێیەوە بنیاتنان دەست پێبکەی بۆ پێشڤەچوونی زیاتر.

**پرسیار:** پێتوایە ئەم پێشڤەچوونانەی ئاماژەیان بۆ دەکەی دەرەنجامی ئەو راستییە بن کە پارتێکی ریشە ئیسلامی لەسەر دەسەڵاتە، کە ئەوییش پارتی داد و گەشەپێدانە بەسەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران رەجەب تەیب ئەردۆغان؟

**چۆمسکی:** دەمەوێ بڵێم شتەکە ئاڵۆزە. دەکرێ جۆرێک لە نمرە بەو پارتە بدەی. بەڵام گۆڕانکاری پۆزەتیڤ روویانداوەو بەشێوەیەکی گشتی، پێموایە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەردۆغان زۆر ماناداربوون، وەک سیاسەتی "کرانەوە بەرەو رۆژهەڵات" و نەبوونی دووژمن "سفر کێشە لەگەڵ دراوسێیەکان". بەشێوەیەکی گشتی پێموایە ئەوە سیاسەتێکی ژیرانەیە و پێشکەوتنی بەدەستهێناوە. بۆ نموونە، ئەردۆغان ئێستا بەنێوبانگترین کەسە لە جیهانی عەرەبیدا، بەپێی راپرسییەکانی ئەم دواییە. ئەگەر سەیرێکی راپەڕینەکەی ئەم چەند هەفتەیەی رابردووی میسر بکەین، راپەڕینێکی بێ وێنەبوو. ئەردۆغان تاڕادەیەکی زۆر تاکە سەرکردە بووە کە هەر لە سەرەتاوە پاڵپشتی بەهێزی خۆی بۆ دەربڕی. هەموو کەسێکی دیکە خۆی بێدەنگکردبوو، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمەکە.

**پرسیار:** بەڵام بەمدواییە، ئۆجەلان ، داوای لە کورد کرد کە ئەوەی میسرییەکان کردیان بۆ رزگاربوون لە حوسنی موبارەکی سەرۆکیان دووبارە بکەنەوە لە دیاربەکر . گوتی کورد تەنیا دەتوانێ ئازاد بێت ئەگەر برژێنە سەر شەقامەکان و داوای مافەکانی بکات. پێتوایە ئەوە سیاسەتێکی ژیرانە بێت؟

**چۆمسکی:** دەبێ داوای مافەکانیان بکەن. بەڵام پێویستە ئامانجەکانت دیاریبکەی. لە کەیسی میسردا، بۆ نموونە، ئامانجەکە زۆر تەسک، بەڵام روون بوو:رزگاربوون لە موبارەک. پاشان ئامانجێکی گەورەتر هەبوو: رزگاربوون لە دەستەبژێری حوکمڕان. ئەوەتا هەر ئێستا خەریکی فۆرمەلەکردنی ئامانجی فراوانترن. لەڕاستیدا، هەر دوێنی، یان چەند رۆژێک لەمەوبەر بوو، پێموایە، بۆ یەکەمجار گرووپێک چالاکڤانی مافی مرۆڤ بە پرۆگرامێکی درێژخایەنترەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی و مەدەنی هاتنە پێشەوە. ئەمە لەڕاستیدا یەکەمجاربوو کە لە 25 ی کانونی دووەمەوە کرابێ. ئەمە ژیرانەیە و پێویستە بیکەن. ململانێیەک دێتە کایەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە. زۆر دەسەڵاتی چەسپیوو هەیە کە بە ئاسانی وازناهێنن. ئەوەی میسرییەکان دەیکەن، مۆدیلێکی هاندەرە، بەڵام ناتوانی لە شوێنەکانی دیکە

سەرچاوە Serchawe

دووبارەی بکەیەوە. بۆ نموونە، ئەوەی لە توونس ڕوودەدات هاوشێوەی ڕووداوەکەی میسر نییە. بارودۆخی جیاواز و گرفتی جیاوازیان هەیە. ئەمە بەهەمان شێوە بۆ کوردیش دروستە. دەبێ بە وریاییەوە بزانن ئەو بارودۆخانە چین کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بپرسن چ تاکتیکێک دروستە لە بارودۆخێکی وادا؟

مەبەستمە بڵێم ئەمە گرفتێکی کۆنە. دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و ریفۆرمخوازەکانی سەددەی نۆزدە. ئێستا بیربکەوە بۆ نموونە لەوەی کە کارڵ مارکس لەبارەی شۆڕشەوە نووسی. کارڵ مارکس لایەنگری شۆڕشە سۆشیالیستییەکان و سۆشیالیست-کۆمۆنیستییەکان بوو. بەڵام بۆچوونێکی کەمێک جیاوازی لەوبارەیەوە هەبوو. بۆ نموونە، ئەو گوتی لە بەریتانیا، کە جۆرێک لە سیستەمی پەرلەمانی بوونی هەبوو، پێیوابوو دەکرێ کرێکارەکان مافەکانی خۆیان بەدەستبێنن، بەکۆنترۆڵکرنی وەبەرهێنان و پیشەسازی لەڕێگەی پێوەرە پەرلەمانییەکانەوە کە لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە سۆشیالیستییەکان فەرزکرابوو. ئێستا شوێنی دیکە دەبینین کە شۆڕشی جەماوەریان تێدا ڕوودەدات. ئەو (مارکس) دەکرێت ڕاست بووبێ و دەکرێت هەڵەش بووبێ، بەڵام هەڵوێستە گشتییەکە کە دروستبوو ئەوەبوو کە، دەبێ تاکتیکەکان بەگوێرەی ئەو بارودۆخ و کەشوهەوایەی کە لە ئارادایە ڕێکبخەی. یاسایەکی میکانیکی نییە کە پێت بڵێ تاکتیکە دروستەکان کامانەن.

پرسیار: بەڵام هێندەی من بزانم، تۆ ئانارشیستیت و پاڵپشتێکەرێکی مەزنی "ملکەچنەبوونی مەدەنییانە"(civil disobedience)یت. پێتوانییە کاتی ئەوە هاتووە کورد لە تورکیا، کە پارتە سیاسییەکانیان هێشتا قەدەخەدەکرێن، هێشتا ناتوانن بە زمانی کوردی لە خوێندنگەکان بخوێنن، ئەو کارە بکەن کە میسرییەکان کردیان تاوەکو دەوڵەتێکی دیموکراتیتریان هەبێ لە تورکیا؟

چۆمسکی: با ملکەچنەبوونی مەدەنیانە وەربگرین، چەندین جار خۆم بەشداریم کردووە و بەندکراوم و سزای بەنکردنی درێژم بۆ براوەتەوە. بەڵام ئەوە تاکتیکە، پرەنسیپ نییە. کاتێک ئەنجامیدەدەی کە پێتوایە کاریگەری دروستدەکات. ئامانجی سەرەکی ملکەچنەبوونی مەدەنیانە هەمیشە بریتییە لە هاندان و وروژاندنی ئەوانیتر بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، شتێک بکەن. بۆیە، ئەمە هەندێکجار تاکتیکێکی باشە، هەندێکجاریش باش نییە. کە دێتە سەر کورد، کورد ناتوانن لە سەر شەقامەکانی دیاربەکر خۆپیشاندان بکەن و بڵێن دەمانەوێ لە سەرۆک ڕزگارمان بێت. ئەمە تاکتیکێکی گونجاو نییە. بەڵام ئەمە تاکتیکێکی گونجاوبوو لە میسر، لە قاهیرە. بەڵام تاکتیکێکی گونجاو نییە لە دیاربەکر، لەبەرئەوەی بارودۆخەکان جیاوازن. وەبیرتبێ کە ناڕازییەکەی میسر، لەکاتێکدا تەواو بێوێنە بوون و بوێری و سووربونی نیشاندا، تائێستاش ئامانجی زۆر تەسکی هەبوو: موبارەک پێویستە بڕوات. ئەوە ئامانجەکە بوو و ئامانجی کورد، لە تورکیا، باکووری عێراق، یان هەرشوێنێکی دیکە، بەراورد ناکرێت بەوەی میسر. مەبەستم ئەوەیە ئامانجەکانی کورد فراوانترن. دووبارە، برێکی زۆر مافی مەدەنین و دەبێ لە خۆت بپرسی چ تاکتیکێک بۆ ئەو مەبەستە دروستە؟. ئایا ملکەچنەبوونی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە یان ئایا ڕێگەی باشتر هەیە؟ گرفتێکی زۆر هەستیارە. تەنانەت هەوڵیشنادەم هیچ ئامۆژگارییەک لە دەرەوەوە پێشکەش بکەم. پێویستی بە هەڵسەنگاندنی وردی بارودۆخەکە و دەرەنجامە پێشبینیکراوەکانی هەیە.

پرسیار: ئەگەر قسە لەسەر کوردی عێراق بکەین لێرە، وەک گوتت پێشقەچوونی ئابووری گەورە دروستبووەو کێڵگەی نەوتی گەورە دۆزراونەتەوە لە هەرێمی کوردستان، کە زۆر ئارامتریشە لە بەشەکەی دیکەی عێراق. دەزانی زۆر خەڵک ئێستا لێرە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە لە عێراق جیاببنەوە، وەک وڵاتێک کە تائێستاش توندوتیژی و شەڕ یەخەی گرتووە. دەڵێن ئێستا باشترین کاتە، دوای ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی کورد لە عێراق جیاببێتەوە. لەم بارەیەوە چ دەڵێی؟

چۆمسکی: پێموایە زۆر پرس هەیە کە دەبێ بەجیدی بیریان لێبکرێتەوە. یەکێک لەوانە عەرەبی عێراق. بێگومان ئەوان بەتووندی دژی ئەوە دەوەستنەوە. تورکیا ڕەنگە دژایەتی بکات. ئێران بە دڵنیاییەوە دژایەتی دەکات. ئەنجامی کۆتایی ئەوەیە، کە جوڵانەوە بە ئاراستەی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق، تەنانەت ئەگەر جێبەجێشبکرێت کە خۆی زۆر جێگەی پرسیارە، دەکرێت وڵاتێک بێنێتە کایەوە کە هیچ دەروازەیەکی بۆ جیهانی دەرەوە نابێ. ئەمە وێرانکارییە. بۆیە ئەگەر هەر جوڵانەوەیەک بەو ئاراستەیدا بکرێت، دەبێ بە وردی بیر لە پەیوەندییەکان بکەیەوە لەگەڵ هەرێمەکان و وڵاتە دراوسێیەکان. ناتوانی بەو ئاراستەیدا بڕۆی ئەگەر بەجدی لەم پرسیارانە نەڕوانی. ئێستا ڕەنگە، ئەگەر بە باڵانسێک بیربکەیتەوە لەم شتانە، ڕەنگە ئەنجامدانی ئەم کارە شتێکی باش بێت. بەڵام ناتوانی یەکسەر بڵێی یاڵڵا بابیکەین، ئەمە شتێکی چاکە. دەکرێت بۆ نموونە ببێتە هۆی دروستبوونی ململانێیەکی سەربازی گەورە، کە دەکرێت وێرانکاری بێت. تەنیا سەیری ئەوەبکە چەند قورسە بۆ ئەوەی مەسەلەی کەرکووک چارەسەر بکەی.

پرسیار: مەبەستمە بڵێم کە زۆر خەڵک، پێیانوایە مانەوە وەک بەشێک لە عێراق مەترسیدارتر دەبێ، ئەگەر حکومەتی ناوەندی عێراق، کە لەژێر هەژموونی عەرەبدایە، بەهێزتربێ. پێیانوایە تاوەکو زووتر بەشەکەی دیکەی عێراقیان لە کۆڵ بیبێتەوە باشترە. هەروەها خەڵکی هەرێمی کوردستان پێشیانوایە داخستنی سنوور لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە شتێکی درێژخایەن نابێ؟

چۆمسکی: لەڕاستیدا، زۆر دڵنیانیم کە تەنانەت بەدرێژخایەنیش تورکیا خۆشحاڵدەبێ بەوەی کوردستانێکی سەربەخۆ ببێتە دراوسێی تەنیا لەبەرئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ئەوەی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەیەتی. بۆیە دەکرێت گرفتێکی درێژخایەنی مەترسیدار بێت. هەرچەندە، ئەمە ئەو جۆرە شتانەیە کە دەبێ دیراسەیان بکەن. سەیرکە، من تەنیا دوو مانگێک دەبێ لە تایوان و چین هاتوومەتەوە. لە تایوان، گفتوگۆیەکی چڕ هەیە لەسەر چۆن دەبێ مامەڵە لەگەڵ چین بکەن. چین، بێگومان، تایوان وەک بەشێک لە چین سەیردەکات. وەک ناوچەیەکی جیا لێی ناڕوانێت. ئەگەر تایوانییەکان ئازادبوونایە کە بڕیاری سەربەخۆیی بدەن، زۆربەیان ڕەنگە سەربەخۆییان هەڵبژاردایە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، کردەکان ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە.دەبێ بە باشی لە خۆت بپرسی: باشترین وەسیلە چییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەتاییەکانت. من پێموایە، هەستێکی گشتی هەیە پێماندەڵێ کە ڕەنگە ژیرانەترین شت ئەوەبێ لە خۆتەوە هیچ شتێکی دراماتیکی ئەنجام نەدەی. لێگەڕێ تاوەکو ڕووداوەکان بۆ خۆیان بڕۆن، بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندی کولتووری، پەیوەندی بازرگانی، هاتووچۆی نێوان هاووڵاتیان زیاتر دەبێت. جۆرێک لە تێکەڵاوی دروست دەبێ. ڕەنگە حکومەتەکان نەبنە یەک، بەڵام جۆرێک لە تێکەڵاوی و ڕەنگە پێکهاتەیەکی فیدراڵی بێتە ئاراوە. کەوایە باشە، دەبێ چاوەڕوان بن تاوەکوو ببینن کە شتەکان چییان بەسەر دێت. ئەمە جیاوازە لە شوێنەکانی دیکە. مەبەستمە بڵێم، (کێشەی کورد) جیاوازە. بۆ نموونە، لە خاکە داگیرکراوەکانی فەلەستین. لەڕاستیدا، لە هەر شوێنێک دەڕوانی، گرفتی لەم شێوەیە دەبینی. کشمیر گرفتی خۆی هەیە. گرفتی زۆر گەورە. کشمیر، وەک عەسکەرتارترین بەشی جیهان، گرفتێکی زۆر مەترسیداری هەیە. ناتوانی وانەکانی بەشێکی سەرکەوتووی دونیا بەری بۆ گرفتێکی دیکە. دەبێ بە وردی بیر لە دەرەنجامەکانی ئەو کردەوانە بکەیەوە کە ئەنجامیان دەدەی لە بارودۆخێکدا کە تێیدا دەژی و جیاوازن لە شوێنە جیاوازەکانی دیکە.

پرسیار: ئەگەر سەرنج بدەیە مەسەلەی کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە. هەندێک کەس لێرە بڕوایانوایە هەر کە هێزەکانی ئەمریکا کشانەوە لە عێراق، ڕەنگە شەڕی کورد-عەرەب دروستببێ لەسەر ئەو ناوچانە. تاچەند ئەگەری ئەمە هەیە؟

چۆمسکی: تۆ لە من باشتر دەزانی. لەڕاستیدا پێموانییە هیچ کەسێک بزانێ. پێموانییە ئەسڵەن هێزەکانی ئەمریکا بەتەواوی بکشێنەوە. وا پێناچێ، بەڵام ئەوە گرفتێکی گەورەیە. تائێستا هیچ پێشنیازێکی ژیرانەم لەسەر کەرکووک نەدیوە. من لە ئاستێکی وادانیم کە هیچ پێشبینییەکی مانادار لەوبارەیەوە بخەمەڕوو.

پرسیار: دوو پرسیاری دیکەم ماوە. نامەوێ زۆر کاتتان بگرم. پرسیارێکیان لەسەر بنکەی سەربازی ئەمریکییە، کە خۆت ئێستا باستکرد. هەندێک خەڵک پێیانوایە کە زۆر ستراتیژی دەبێت بۆ ئەمریکییەکان کە بنکەیەکی سەربازی لێرە لە کوردستان دابمەزرێنن، چونکە ڕاستییەک هەیە کە ئێران دەکەوێتە لایەکی هەرێمی کوردستان و، سوریاش دەکەوێتە لایەکەی دیکەیەوە. ئایا ئەم کارە ستراتیژییە؟

چۆمسکی: گومانم نییە لەوەی کە ئەمریکا حەزدەکات ئەو کارە بکات. ئایا دەبێ کوردی عێراق جێگەی بکەنەوە و ڕێگەی پێبدەن، ئەمە پرسیارێکی دیکەیە. بەبۆچوونی من، نابێت(کورد) وابکەن. پێموانییە، فیکرەیەکی باشبێت هەرێمی کوردستان بگۆڕێت بۆ بنکەیەکی گەورەی سەربازی ئەمریکی لە هەرێمەکەدا. ئەمە ڕێگە خۆشکەرە بۆ چەوساندنەوە، توندوتیژی، شەڕی بەردەوام و هەتا دوایی. ئەمریکا بنکەی سەربازی گەورەی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا و ئێستا هێندەی ڕابردوو دەستی ناگاتە ئەو بنکانە و بەکاردەهێنرێن. مەبەستمە بڵێم کە بنکەی سەربازی بە هۆکار دادەمەزرێنرێن. دادەمەزرێنرێن بۆ چەوساندنەوە، توندوتیژی و سەرکوتکاری. باشترین شت بۆ هەرێمەکە ئەوەیە کە خۆی لە ژێر دەستی هێزە ئیمپریالییەکان ڕزگار بکات. ئەمە دروست ئەوەیە کە لە بەشێکی زۆری دونیا ڕوودەدات. بۆ نموونە، باشووری ئەمریکا وەربگرە. مەبەستمە بڵێم کە باشووری ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ باخچەی پشتەوەی ئەمریکا بوو. بەڵام ئێستا وڵاتانی باشووری ئەمریکا هیچ بنکەیەکی سەربازی ئەمریکایان لەناوچەکانیاندا نەهێشتووەتەوە. پێموایە ئەمە پێشڤەچوونێکی تەندروستە. ئەمە بۆ ئەوانیش و بۆ دونیاش باشە.

پرسیار: پرسیاری کۆتاییم ئەوەیە: ئایا ڕۆژێک دێت گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی ئەم دونیایە، کە کوردە، ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی؟

چۆمسکی: پێموایە دەبێ چاوەڕێی ئەم پێشڤەچوونە بکەین. بەڵام ئەمە دەبێ هەنگاو بە هەنگاو ڕووبدات. پێموایە ئەگەرەکانی ئەوە ئێستا لە دە ساڵ لەمەوبەر زیاترن. بەڵام ڕێگەی درێژمان لەپێشە. تەنیا بۆ ساتێک بیر لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەوە. مەبەستمە بڵێم کە هیچ کەس نایەوێ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بگەڕێتەوە. ئیمپراتۆریەتێکی چەوسێنەر، توند و گەندەڵ بوو، کە ئاشکرایە ناتەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی چەند شتێکی هەبوو کە شایەنی هێنانەوەن. بۆ نموونە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دەتتوانی لە قاهیرەوە بۆ بەغدا و بۆ ئیستەنبوڵ بڕۆی بێ ئەوەی هیچ سنورێک

سەرچاوە Serchawe

ببڕیت. پێویستت بە ڤیزا نەبوو. هەمووی یەک هەرێم بوو. بەشێک لەبەرگەندەڵی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەرێمەکانی کەم تا زۆر سپاردە دەستخۆیان. ئەرمەنییەکان خۆیان کاروباری خۆیانیان بەڕێوەدەبرد. یۆنانییەکان خۆیان کاروباری خۆیانیان بەڕێوەدەبرد. چەندین پەیوەندییان لەنێو یەکتردا هەبوو، کە بازرگانی و کولتوری پەیوەندی دیکە بوون. بەڵام ڕێژەیەک لە ئۆتۆنۆمیان هەبوو. ئەم پێکهاتە درێژخایەنە، پێموانییە، خراپ بێت بە ئاراستەیدا هەنگاوبنێی.لەڕاستیدا، ئەوروپا تاوەکو ئاستێک بەو ئاراستەیەدا هەنگاودەنێ کە دان بە ئۆتۆنۆمی، بۆ نموونە، کەتەلۆنیادا دەنێت لەنێو پێکهاتەیەکی فیدراڵی فراواندا. پێیوایە بەشێوەیەکی گشتی ئەوانە پێشقەچوونی تەندروستن. چەندین گرفتیان هەیە. چەندین ململانێی ناخۆش دەکرێ سەرهەڵبدات، بەڵام گونجاوە ئەگەر وەک جۆرێک لە چارەسەری درێژخایەن بیری لێبکەیەوە. سەرچاوە: ڕاڤە

++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

# هونەرمەند ( محمد شێخۆ ) هەڵۆی گۆرانی کوردی

ئامادەکردنی : حسین أحمد ....وەرگێرانی لەعەرەبییەوە : کەژاڵ ئیسماعیل

هونەرمەند ( محمد شێخۆ ) یەکێکە لەگۆرانیبێژە خاوەن بەهرەو کەم وێنەکان لەنێو هونەرمەند ( محمد شێخۆ ) یەکێکە لەگۆرانیبێژە خاوەن بەهرەو کەم وێنەکان لەنێو ئەو هونەرمەندانەی کەساڵەکانی



هەفتاکانی سەدەی پێشوو وەدەرکەوتون لەگۆرەپانی مۆسیقا وگۆرانی کوردیدا ، خاوەن هەستێکی نیشتمانی ونەتەووایەتی بووەو دڵسۆزانە خزمەتی گۆرانی کوردی کردووە ، هونەرمەند ڕۆڵێکی بەرچاوی و هەمیشە زیندووی لەچڕینی ئاوازی کوردی وگۆرانییە نەتەوایەتییەکوردییەکان هەبووە بەدرێژایی چارەکە سەدەیەک زیاتر بێگومان لەیادی نەوەکانی کوردا هەمشە زیندووەو لەسەرزار ئەوترێتەوە چون مۆرکی هونەرو فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی پێوە دیارە ، هونەرمەند زۆر بەتوانا بووە لەوروژاندنی هەست وسۆزی ئینسانیەت وخەونی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوخواز بووە وحەزی بەیەکسانی ورێزی ئینسان بۆ بەرابەرەکەی.

محمد شێخۆ ئیمبراتۆرییەتێک لەداهێنان توانیویەتی لەڕێگەی دەنگە بەسۆزەکەیەوە بچێتە نێو هەموو دڵێک و ببێتە خۆشەویستی تەواوی خەڵک ، هەروەها توانیویەتی تایبەتمەندی و سیمایەکی جوان ببەخشێتە گۆرانی کوردی و هونەرەکەی بۆتە پردێک بۆ پەڕینەوەی ژمارەیەک لەهونەرمەندانی ئەو سەردەمەی خۆی وەک ( عیسی بەرواری ، عارف جەزراوی ، مریم خان و عائشە شان. ص

هونەرمەند لە پێناوی بەرزکردنەوەی گۆرانی ومۆسیاقای کوردی وگەیاندنیان بە ئاستی جیهانی ئازارو ماندوێتی زۆری چەشتووە وهەر لەسەر ئەو و ڕێبازە ماوەتەوە هەتا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی ، هەرکەس بیەوێت ئاشنا بەخۆشەویستی سەرتاسەری وتەواو بێت پێویستە لەدەروازەی ئەم مرۆڤەوە بچێتە ژوور کە توانی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت ، کەئازارەکانی ئینسانی لەکۆڵ گرت و بەگۆرانی توانی ببێتە سومبولی خۆشەویتی وبرایەتی .

هونەرمەند ( محمد شێخۆ ) لەساڵی ( ١٩٤٨ ) لەگوندی ظ کرباوی ) لەناوچەی جەزیرەی سوریا بەدووری ( ١٥ کم ) لەشاری قامیشلی هاتۆتەدونیا ولەباوەشی خێزانێکی نیشتمان پەروەرو هونەر و ئەدەب دۆست پەروەردە بووە ، بەهۆی بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابوری خراپی ئەوکاتەی کوردەوە لەنێوان ژمارەیەکی زۆر لەشارو گوندەکانی کوردستاندا گەڕاوە ، هێشتا تەمەنی لەبیست ساڵ تێنەپەڕیبو لەساڵی ( ١٩٦٨ ) بۆ فێربوونی ئامێری ( بەزق صـ زورنا کەخەونی مناڵی بوو چوە لای هەردوو هونەرمەند ( حسن توفو ، خلیل آزیدی صـو دوای چەند سەردانێک توانی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بەباشی فێر ببێت ، سەرەتای گۆرانی ووتنی لەئاهەنگ وبۆنەتایبەتییەکان کەلەشارەکانی کوردستان ساز ئەکران دەستی پێکرد ، ساڵی ( ١٩٧٠ ) گەڕایەوە بۆگوندەکەی خۆی بەڵام بەهۆی نائارامی بارودۆخەوە زۆر نەمایەوەو و چووە شاری ( بەیروت ) پایتەختی هونەرو ڕۆشنبیری بۆ فێربوونی مۆسیقا ، لەسەر خواستی خۆی لەگەڵ ژمارەیەک لەهونەرمەندان وەک ( سعید یوسف ، محمود عزیز شاکر ، رمضان نجم اومری ، گۆرانیبێژ پەروین ) چووە نێو تیپی هونەری ( سەرکەوتن ) لەگەڵ ژمارەیەک لە هونەرمەندانی لوبنان کاریان دەکرد بۆ نوێکردنەوەی گۆرانی کوردی لەباری ئاواز و ووتنەوە ، هونەرمەند چەند ئاهەنگێکی



گۆرانی گێڕا بەتایبەت لەسینەما ظ ریفولی وبوبلیس ) ، یەکەم ئاهەنگی گۆرانی لە ( ٢٤ - ٣ - ١٩٧١ ) دا گێڕا ، هونەرمەند کاتێک کە شیعری شاعیری گەورەی کورد ( جگەر خوێن ) ی کرد بەگۆرانی توانی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت وکاتێک گوێبیستی ئەو گۆرانییە دەبیت ەهست ئەکەی لەنێو مەزرایەک پڕ لەگوڵ وبولبول دانیشتوی ، لەیەکێک لەئاهەنگەکانیدا بەڕێکەوت سەرۆک وەزیرانی لوبنان ( صائب سلام ) ئامادەی ئاهەنگەکەبوو وێڕای ئەوەی کە لەمانای ووشەکانی هونەرمەند نەئەگەیشت بەڵام زۆر دڵخۆش بو بەدەنگی بەسۆزو ئاوازەکانی هونەرمەند بەڵی ئاوا بوو دەنگی ئەم هونەرمەندە ، دوای ئەو ناوبانگە گەورەیەی لە لوبنانی پایتەختی هونەرو جوانی پەیدای کرد ، دەنگۆی بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆوە ئەمەش وایکرد کە گۆرانیبێژی عەرەب ( سمیرە توفیق ) بانگهێشتی بکات تاوەکو لەتیپی مۆسیقای خۆی ئیش بکات چون ئەیزانی کە هونەرمەند محمد شێخۆ قوتابخانەی مۆسیقایە ، هونەرمەند لەساڵی صـ١٩٧٣ ظ شاری لوبنای جێهێشت بەهۆی ئەو دەنگۆیەی کە چەند لایەنێک هەوڵی تیرۆرکردنی ئەدەن و ڕووی کردە شاری کەرکوک و لەوێ ماوەیەک نیشتەجێ بوو ، دواتر چووە شاری بەغداد و لەوێ لەئێستگەی ڕادیۆ و کەناڵی تیڤی کاری ئەکرد لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی وەک ( محمد عارف جزراوی ، تحسین طه ، گولبهار ، شماڵ صائب و بشار زاخولی ) و چەند گۆرانییەکی تۆمار کرد بۆ ڕادیۆ تەلەفیزیۆنی کەرکوک لەوانە ( ئاسو ، ایمان ، ئەی فەلەک ) ، لەماوەی مانەوەیدا لەعێراق دیداری سەرۆکی هێژا( بارزانی ) نەمری کردو سەرۆکی هێژا خۆشەویستی خۆی بۆ دوپات کردو سوپاسی بۆ ئەو ئاوازو گۆرانیە جوانانەی هەروەها لەڕێگەی گۆرانیەکانی هەستی نەتەوایەتی وکوردایەتی لەگیانی خەڵک ئەبزوێنێت و باس لەموعانات وئازارەکانی کورد دەکات وەسوپاسی خزمەتی هونەرو مۆسیقای کوردی هونەرمەندی کردو هەرلەمیانەی دیدارەکەدا خەڵاتی بەخشیە هونەرمەند دوای ئەوەی گۆرانیە بەناوبانگەیەکی ( کێ دونیای هەژاند ) باس لە ئازایەتی و سەروەری سەرۆکی نەمر بارزانی دەکات.




هونەرمەند محمد شێخۆ لەنێو ڕیزی پێشمەرگەدا مایەوە تاوەکو ڕێکەوتننامەی ڕەشی جەزائیر ساڵی ( ١٩٧٥ ) و دوابەدوای ئەو کارەساتە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کوردەکان کۆچی بەرو وولاتی ئێران کرد ، لەئێران توانی عەرشی گۆرانی فارسی بلەرزێنێت لەڕێگەی چەن گۆرانیەک وەک ( هەر ئەرۆم ئەرۆم ، ئێرەم ، نا دڵ هەر ، د بەهارە ) بەڵام هونەرمەند تووشی بێزاری و غەمۆکی بوو بەهۆی چەند هۆکارێک لەلایەک چاودێری کردنی لەلایەن ئیطلاعاتی ئێران بەهۆی هەستی کوردایەتی وچەن گۆرانیەکی کوردی و لەلایەکی دیکە جیابونەوەی لەهاوڕێکانی بەهۆی گەڕانەوەی هەندێکیان بۆ عێرا ق و هاتنەدەرەوەی هەندێکی دیکەیان بۆ وولاتانی ڕۆژئاوا ، دواتر بەناچاری لەساڵی ( ١٩٨١ ) بەیەکجاری گەڕایەوە وولاتی سوریاو لەشاری قامیشلۆ نیشتەجێ بوو و بەردەوام بوو لەگۆرانی ووتن و تیپێکی مۆسیقای مناڵانی دامەزران تاوەکو مناڵان فێری گۆرانی وئاوازو سروودی کوردی بکات و هاوکات هاوکاری هونەرمەندانی کوردی ئەکرد ، لەساڵی ( ١٩٨٦ ) گۆرانیە بەناوبانگەکەی ( جوانی ئازادی ) چڕی لە شیعری شاعیری مەزن ( جگەرخوێن ) ە کەبووە ئوسطورەی گۆرانی کوردی ، هونەرمەندی هێژا محمد شێخۆ زۆر غەم وئازاری ستەم وزوڵمی ئینسانەکانی لەدڵ گرت ، بەڵام مەخابن هێشتا لەسەرەتای ژیان وگەرمی هونەردا جۆشی هەبوو لەساڵی ( ٩-٣ -١٩٨٩ ) و لەتەمەنێکی کورتا بەهۆی نەخۆشییەکی کوتوپڕ ماڵئاوایی ئێجگاری کرد و لەگۆڕستانی الهلالیە لەسەر وەسیەتی خۆی لەنێوان خزم وکەس هەزاران دۆستانی هونەرەکەی بەدەم فرمێسک وگریانەوە و لەمراسیمێکی شایستە بە گەورەیی خۆی بەخاک سپێردرا ، ماڵئاوا باوکی فەلەک محمد شێخۆ ، ماڵئاوا ئەی هەمیشە زیندوو لەنێوماندا ماڵئاوا.

مارس ٢٠٠٨ سایتی سیما

Serchawe

# نەورۆز هێمای یەکگرتوویی کورد

جەمال نەجاری




هەر نەتەوەیەک خاوەنی داب و نەریتی و بۆنەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیەتی و بەم داب و نەریت و بۆنانە بانگەشە بۆ رەسەنایەتی خۆی دەکات، نەتەوەی کوردیش خاوەنی کلتووری خۆیەتی کە جیاوازی دەکاتەوە لە نەتەوەکانی دەوروبەری و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بۆنەیەکی نەتەوەیییە کە ئەویش نەورۆزە.
نەورۆز کە بە کۆتایی هاتنی ساڵ ودەستپێکی ساڵی نوێ دەگوترێ و دەبێتە یەکەم رۆژی بەهار هەموو ساڵێ لە ٢١ ئادار کوردستانیان ئەم بۆنە نەتەوەییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەرز و پیرۆز رادەگرن.
نەتەوەکانی دەوروبەریشمان وەک فارس و تورک و چەند وڵاتێکی تر هەموو ساڵی ئەم بۆنەیە وەک سەرەتای ساڵی نوێ جەژن دەگرن، بەڵام ئەم بایەخەی کە نەورۆز لای کورد هەیەتی لای هیچ کام لە نەتەوەکانیتر نییە.
نەتەوەی کورد هەر لە دێر زەمانەوە بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و جوغرافی و مێژوویی بایەخیان بەم بۆنەیە داوە و بۆتە هێمایەک لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد و بە کردنەوەی ئاگر و بەرێوەچوونی جەژن و شادمانی ئەم یادەیان بەرز راگرتووە و نەیانهێشتووە زوڵم و ستەمی داگیرکەران ئەم بۆنەیە لە مێشکی تاکی کورد بسڕنەوە و لە پاش ٢٧٠٠ ساڵ کورد هێشتا نەورۆز بەرز رادەگرێت.
ئەمرۆکە باشووری کوردستان لە دەستی داگیرکەر رزگاری بووە و ئەم بەشەی کوردستان ئەمرۆ حوکمی خۆی دەکات و مانگی ئاداریش کە مانگی راپەرین و رزگارییە و لە ٥ی ئادار ڕێ و رەسمی یادی راپەرین لە سەرجەم شارو شارۆچکەکاان دەکرێتەوە و ٢١ی ئادار کە سەرەتای مانگی نەورۆزە ئەم شادمانیە دەگاتە لووتکە و دەسەڵات و جەماوەری باشووری کوردستان ساڵانە ئەم بۆنەیە بەرز رادەگرن و نەورۆز بۆتە هێمایەکی زیندوو لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان و لە ئازادییەکی تەواو دا ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن. لە بەشەکانیتریش باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان کە لە بن دەستی داگیرکەر دایە کوردستانیان لە ژێر گوشارێکی زۆر(نەورۆز) بۆنەی نەتەوەیی خۆیان جەژن دەگرن و هەموو ساڵێ دوژمنانی کوردستان ئەم خۆشی و شادییەمان لێ دەکەن بە شیوەن و ئیزن نادەن خەڵک بە ئازادی ئەم بۆنەیە بەرز راگرن.
بە داخەوە پارچە پارچە بوونی کوردستان لە لایەن دوژمنانەوە وای لێکردووین کە هەر بەشەی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی ناوەند و بە جۆرێک لە یەکتریمان جیاواز بکەنەوە، بەڵام بە خۆشییەوە نەورۆز ئەم هێمایەیە کە ئێمە هەموو کوردستانیان شانازی پێوە دەکەن ، با ئەم بۆنەیە بکەینە هێمای یەکگرتوویشمان و بە یەکەوە و بە جوانترین شێوە ئەم بۆنەیە جەژن بگرین و بێتە سەرەتایەک بۆ رزگاری پارچەکانیتری کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تێکرای پارتە سیاسییەکانی کوردستان باس لە بایەخ و گرنگی نەورۆز بکەن و لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا نەورۆز بە هێمای یەکگرتویی کورد بزانن، ئەمرۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان زیاتر لە جاران چاویان بریوەتە کوردستان و لەهەوڵی ئەوەدان شوێنەوارە دێرینەکانمان لە ناو بەرن و دەست بەسەر مێژووی چەندین هەزار ساڵەماندا بگرن و هێماکانی رەسەنایەتی نەتەوەکەمان لە نێو مێشکماندا بسڕنەوە، بۆیە پێویستە بە وریایی هەنگاو هەڵباوێین و خۆمان بۆ دوا رۆژی رووناک کە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە ئامادە بکەین.
ئەم هەویرەش ئاو زۆر هەڵدەگرێ و ناچمە نێو ئەم بابەتە و دیمەوە ناو بابەتەکەی خۆم و دەڵێم بەرز راگرتنی ئەم بۆنەیە لە هەموو پارچەکان سەلمێنەری ئەو راستییەیەکە کورد یەک نەتەوە و دابەشکراوە و نەورۆزیش جەژنی رەسەنی کوردستانیانە و نابێ ئەمساڵ وەک ساڵانی رابردوو بەرێوە بچێت، پێویستە دەسەڵاتی باشووری کوردستان زیاتر کار بکات بۆ ئەوەی لانیکەم ئەم بۆنەیە لێرە مانای خۆی پێ بدرێت و تێکرای پارتەسیاسییەکانی کوردستان نەورۆز بکەنە سەرەتای گفتگۆ و دیالۆگی نێوان خۆیان و چارەسەرکردنی کێشەکان و بانگەشە بۆ ئازادی و یەکسانی و داوا کردنی مافی نەتەوەی کورد بکەن .


===================================================================

# جێژنی بەهار

نووسینی: مامۆستا ئاشق



بەهارە دەشت و کێو یەکسەر لیباسی ئەتڵەسیی پۆشی
بەسەرچوو کاتی دڵتەنگی و وەدەرهات سەردەمی خۆشی
تەماشای گوڵشەن و چیمەن دڵان دێنـــــێتە سەرخۆشی
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکـــێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنـــێتە سەرخۆشی




بگێڕە جامی مەی ساقی بە دوو دەستی بلووریــــــــنت
سەما کە و لەنجە بێنە، ناز بدە چاوانی نەخشـــــینت
بە عیشوە تێبکە بۆمان شەڕابی کۆنـــــی ڕەنگـــینت
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشـــی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنـــــێتە سەرخۆشـــی

لە خەو چاوی هەڵێنا گوڵ کە دیتی عەرزی ڕەنگاوڕەنگ
بە قاقا پێکەنی پشکووت، لەتیف و جوان و شۆخ و شەنگ
گوتی:"بولبول دەمی وەسڵە وەرە بخوێنـــە بۆم ئاهەنگ"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبــــــیعەت پڕ گوڵە کۆشی

Serchawe


شنەی بای بەربەیان هێنای لە گەڵ خۆی بۆنی عەتری گوڵ
دەخوێنن بولبول و قومری لە نێو باخا بە سۆز و کوڵ
خەریکی بەزم و گۆرانین مەلی خۆشخوێن لە بانی چڵ
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی





لە شاخا دەنگی کەو هەروا لە نێو باخا هەزاردەستان
بە نەرمی ڕازی زیندوومان دەچرپێنێتە گوێی مەستان:
"دەمی کار و ژیان ئێستایە، سبەی دوورە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

تەوژمی خێروخۆشی دایچەماند پشتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی، هەڵقوڵی فرمێسکی ڕوونی هەرد
بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەندە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبیعەت پڕ گوڵە کۆشی



لە هەر شوێنێ کە دەڕوانی بیساتی عەیشە بەرپایە
بە دەستە بۆ سەیاحەت کۆمەڵی عالەم لە سەحرایە
قریوەی بەزم و خۆشحاڵی لە هەرگۆشە و لە هەر لایە
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی



ئەتۆش "ئاشق" مەکە سستی بچۆ سەیرانی نێو گوڵزار
لە بن دارێکی دانیشە و بە یادی لێو و کوڵمەی یار
تەماشا کە گوڵ و سەوزە و بە دڵگەرمی بڵێ ئەشعار
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە سەرخۆشی

بەڵی خۆشە بەهارت کوردەواری نیشتمانی خۆم
بەهەشتم، ڕووگەکەم، ئەی دڵبەر و دڵداری جوانی خۆم
لە ڕێگەت دا وەتەن هەرگیز درێخ ناکەم لە گیانی خۆم
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
سروودی ڕاپەڕین لێدە کە گەل دێنێتە سەرخۆشی

ئاشق بەهاری ساڵی 1353ی هەتاوی



# مێژووی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان و ٨ی مارس

ئامادەکردنی / سارا عەزیز

مێژووی ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی یەکگرتن و تێکۆشانی ژنانی کرێکاری ڕستن و چنین لەساڵی ١٨٥٧ لەنیویۆرکی ئەمریکا، هەل و مەرجی کاری دژوار و دژە مرۆڤانە حەق دەستی کەمی کرێکارانی ژن لەبەر ئەوەی زۆربەی کرێکارانی چنین لەژنان بوو لەئەمریکا، بۆیە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە خۆپیشاندانەکاندا، کە هاوکات لەگەڵ پیاواندا ژنان کاریان دەکرد، وایان لێهات کە بەشێوەی ڕێکخراوەیی و ناسەقامگیری دژ بەم بێ عەدالەتیە دەنگ هەڵبڕن، ئەوەبوو شەڕ درێژەی پێدرا، ژنانی کرێکارانی چنین ڕژانە سەر شەقامەکان دژ بەدژواری بارودۆخی کارکردن و دژ بەوەی کە ١٢ کاتژمێر کار دەکەن، بۆ نموونە یەکێک لەگرینگترین لایەنگرانی مافی ژن لەوڵاتی ئەڵمانیا خاتوو (کلارا زەیتکین) (١٨٧٥ – ١٩٣٣ ) کە خواستەکانی تێکۆشەرە ژنە ئەڵمانەکان بوو، کە بەپێی ٨ کاتژمێر کار لەڕۆژدا بۆ ژنان، هەروەها مافی بەشداری حەسانەوە، منداڵ بوون، یەکسانی ماف لەبەرامبەر یاسادا هێنایە گۆڕێ، کە هەر لەسەرتاوە لەژێر کاریگەری پارتی سۆسیال دیموکراتی بوو کە گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (یەکسانی) لەساڵی ١٨٩٢ کە کلارا دەری دەکرد کە زۆرێک لەژنانی ڕابەرانی سۆسیالیست کاریان بۆ مافی ژن دەکرد، ئەم بزووتنەوەیە بووە بنەڕەتێک بۆبەستنەوەی بزووتنەوەی ژنان بەخەباتێکی فراوانتر، لەگەڵ بەشەکانی تری کۆمەڵگا لەپێناو کۆمەڵگایەکی باشتر کە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدی بێت، لە ئەوروپا دووەمین کۆنفرانسی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی ژنان تێیدا (١٠٠ کەس) بەشداربوون لە ٢٧ی ئۆگۆستی ساڵی ١٩١٠ لەکۆپنهاگندا ڕۆژی ٨ی مارس وەکو ڕۆژی ژن بۆ پاراستنی مافەکانیان لەبەرامبەر هەڵاواردندا هەڵبژارد کە ١٧ وڵاتی جیهانی بەشدار بوو کە بەپێشنیازی کلارا زەیتکین، کە یەکەمین ڕۆژی جیهانی ژن لە ١٩١١ لەدانیمارک، ئەڵمانیا، ئۆتریش، سویسراو ئەمریکا بەڕێوەچوو کە بەملیۆنان ژن لەبەڕێوەبردنی ئەم بۆنەیەدا بەشداربوون، داواکاری سەرەکی ژنان لەیاسای ژنان پاراستنی کاروباری ژنان مافی دەنگ دان و بەژداربون لەهە ڵبژاردندا دژی شەڕی ئیمپریالیستەکان بەڕاستی حەق دەست لەگەڵ پیاو بەرامبەر کاری یەکسانی دا ٨کاتژمێر لەڕۆژدا لایەنگری لەدایکو منداڵ دەستنیشانکردنی کەمترین مووچە بەهۆی قەیرانی گشتی ئابووری لەجیهاندا، کێشەی بزووتنەوەی ژنان کەوتە پەراوێزەوە لەنێوان دوو شەڕی جیهاندا، جگە لەو بابەتانەی پێشوو، مافی یاسایی لەباربردنی منداڵ و پشتگیری لە دایکان پێگەیەکی تایبەتی پێدرا، ئەم بزووتنەوەیە بوو بە ڕەوتێکی گەورە و بەهۆی قەیرانی ئابووری کە لەو کاتەدا تێکڕای ئەوروپای گرتبۆوە کە لەهەرساڵێکدا نزیکەی یەک ملیۆن ژن دەرکران بە لەباربردنی، دوا بەدوای ئەو لەباربردنی ئەو منداڵە کە ئاکامی نێگەتیڤیشی لێدەکەوێتەوە، لەساڵی ١٩٣١ لە ئەڵمانیا نزیک بە ۴۴٠٠ ژن گیانیان لەدەستدا لەلایەکیترەوە کێشەی بەرابەری مووچە لە بەرامبەر کاری یەکساندا،کەم کردنەوەی کاتی کارکردن، نزم کردنەوەی نرخی شتەکان، سەرەڕای ئەوەی چالاکی بواری ژنان و پێداگیری زۆریان لەسەر بارودۆخی ئابووری ژنان و زەخت و هەڵاواردن لەشوێنی کاردا ئەنجامدراو کەمتر بەهایان بەتاپۆی پیاوانە و ئاڵۆزی کۆمەڵگە دەدا. بەڵام ژنانی تێکۆشەری وڵاتە جیاجیاکان کۆمەڵێ خواستی جۆرا و جۆریان بۆ دەربازبوون لەهەڵاواردن لەبنەماڵە و کاری پەروەردەیی هێنایە گۆڕێ، لەم وڵاتانەدا ڕۆژی ژن وەکو جێژنێکی ڕەسمیو لەلایەن حکومەتیشەوە بەڕێوە چووە، چونکە دەیویست ئەوە نیشان بدات کە حکومەتیش دەیەوێ هەل و مەرجی ژیانی ژنان بەرو باشتر بچێتن ئەم ڕۆژە وەکو ڕۆژی تێکۆشان بۆ خواستە گشتیەکانی ژنان و ڕۆژی بنەماڵە و جێژنی گشتی لێهات، لەساڵی ١٩٠٨ لەنیویۆرک دوای ٥٠ ساڵ بەسەر یەکەم خۆپیشاندانداا ڕۆژی ٨ی مارس ١٩٠٨ کە زیاتر لە ١٥ هەزار ژنانی کرێکاری کارگەی نەسیج خۆپیشاندانیان کرد لەنیویۆرک، داوای باشکردنی هەل و مەرجی کاریان دەکرد مافی ژنان لە هەڵبژاردندا و کۆتایی هێنان بەکاری منداڵان و دروشمیان ئەوە بوو (نان و گوڵ) کە ئەو کاتە ڕێکخراوە سۆسیالستەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکان مافی دەنگدانی یان بۆ ژنان پەسەند کرد، لەکۆپنهاگن ساڵی ١٩١٠ دووەم کۆنگرەی ژنانی سۆسیالیزمی نێودەوڵەتی کرا، لەساڵی ١٩١٢ لە هۆڵەندا کە بۆ یەکەم جار ئاهەنگیان ساز کرد بۆ ڕۆژی جیهانی ژنان، لە ٢٥ی ئازاری ١٩١١ کە دوو ساڵ دوایی ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی ژنان ئاگرێکی گەورە بەربووە کارگەی چنینی نیویۆرک لەئەنجامدا بووە هۆی لەدەستدانی گیانی ١۴ کرێکاری ژن وە هۆی ئەم ئاگرەش نەبوونی هۆی پاراستن لەشوێنی کاریان بەگوێرەی پێویست وە بۆ ناشتنی تەرمەکانیان ١٠٠ هەزار هاوڵاتی بەشداریانکرد، لەساڵی ١٩٢٢ کە لە ٨ی مارسدا ڕۆژی جیهانی ژن تەنها لەلایەن کۆمەنیستەکانەوە یاد دەکرایەوەو پەیوەست بوو بەبزووتنەوەی کرێکاریش، ساڵی ١٩٧٨ نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاریاندا کە ئیتر ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن بەرەسمی بناسرێ، لەساڵی هەشتاکاندا ڕۆژی ٨ی مارس دوبوارە ماناو بوونی تایبەتی خۆی دۆزیەوەو ڕێزلێنان لەو کەسانەی کە ئەم بزووتنەوەیان دەست پێکردووە بۆ ئاڵوگۆڕی هەل ومەرجی تێکۆشاون بەڕێوەدەچێت.







سەرەڕای ئەوەی کە دوو سەدەیە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان و چەندین ڕێکخراو بزووتنەوە پەیدابوو، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لەنێو خێزان و کۆمەڵگادا بەگشتی توندوتیژی یان لەبەرامبەر دەکرێ، هێزی کاری ژنان لەبەرامبەر کاری پیاواندا تەنانەت لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا، بایەخێکی کەمی بۆ دادەنرێت داهاتی ژنان لە تەواوی جیهاندا لەهی پیاوان کەمترە، وە لەپێداویستی پەروەردەیی و تەندروستی بەکەمی بەشدار دەبن، سێ لە چواری نەخوێندەواران لەدونیایدا، وە کوشتنی ژن لەسەر نامووس بەتاوانی (شەڕەف). دانانی جل و بەرگێکی دیاریکراو بۆ ژنان بۆ پاراستنی حیجاب و نە پاراستنی حیجاب کڕین و فرۆشتنی ژنان....هتد.

پێویستە مافە یاساییەکان بۆ ژنان بەباشی بەڕێوە بچێ ئەگەرنا ناتوانین گۆرانی بۆ ٨ی مارس بڵێین

مارسی ٢٠٠٩

سەرچاوە Serchawe

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری (بەشی سێهەم و کۆتایی )

عه بدوڵڵا سادقی

هەڵپەڕکێی مرۆڤ دەسکەوتی راگەیاندنی رۆژئاوا ماهوارەکان نییە و تەنانەت زۆر پێشتر کە لایەنی ئایینی هەبێت لە زات و دەرونی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە.



پێوەندی جمگەکان، پێکهاتەی ریتمێکی ئێسکەکان و پێکهاتەی ماهیچەیی و سیستەمی رەوانی و دەرونی جەستەی مرۆڤ هەموو بە ئیحترامی «بوون» بە شێوەیەکی ئاهەنگی جووڵە و سوڕان نەزمیان گرتووە. هەڵپەڕکێ هونەری هاوبەشی مەنزوومەی شەمسی، زەوین، مرۆڤ، فلامینگۆ، باکتری و ئێلکترۆنە، هەڵپەڕکێ نیشاندان و خۆدەرخستنی شعووری ماددەیە. کاتێک لە مەودایەکی دورەوە چاو لە دیمەنێکی هەڵپەڕکێی کوردی دەکەین ئاڵقەیەکی نیودایرە (بازنەیی) بە پێکهاتەیەکی یەک لە نێوانی ژن و پیاو (رەشبەڵەک) دوو شێوە فۆرم و رەنگ دەبینین کە وەکوو یەک رەگی پێکەوە لکاو لە دوو جۆر نەمام لە کاتی جوڵەدان. ئەم دیمەنە وەکوو وێنایەکی شەپۆلانی وایە کە جیاوازی نواندنی ژن و پیاو و دیمەنی ریتمی ئەو هەڵپەڕکێیە دەنوێنێ. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە چاوی لێ بکەین وزەی زیاتری جوڵەو هاوبەشی فۆرم و رەنگەکان دەبینین. کاتێک چاو لە جووڵەی شان و سەری هەڵپەرکێکەران دەکەی جیاوازی باڵای ژنان و پیاوان زیگزاگێکی سەیر پێکدێنێ کە بە شوێن دەسماڵێکی بەدەم باوە (چۆپی) شەکاوە هەڵدەپەڕن فۆرمی شەپۆل و خشپەی پارچەی ناسکی کراسی ژنانە لەگەڵ جووڵەی نەرمی لەشیان لە هەوادا هەڵدەسوڕێ لە دەوریان دەهاڵێ و لە نێوان جووڵەکانیان دا گوڵستانێک لە دەیان رەنگ و وێنەی پەپوولەیی بە دەوروبەر دا هەڵدەفڕێنێ کە ملوانکەی چنراوی کچانی شۆخ و شەنگی کورد بە پێچەوانەی رەوتی هەڵپەڕکێ لە دەوری گەردن و روخساریان دەهاڵێ بە نەرمی و مێتۆدێکی پەرێشانەوە لەبەر چاویان تێدەپەڕێ. هەڵپەڕکێی کوردی نیشانەیە لە دەروونی خەڵکێک کە لە داوێنی دەشت و چیا بە ئازادی ڕاهاتوون کە رۆح و پێکهاتەی رەسەن و سروشتی پاکیان لە ناخ دایە.

هەڵپەڕکێی کوردی نیشاندانی ئاواتەکان، دەردەکان، و بەگشتی شانۆ و ئاماژەیەکی روونی چارەنووسی میللەتێکە کە لە چوارچێوەی هەرێمی دیاری کراوی خۆی دا بەردەوام دەست لە نێو دەستی دارو درەختەکان و کێودا ژیاوە و هێرشی داگیرکردنی ناوچەی پیرۆزی خۆیان قەبوڵ نەکردوە و لە بیری دەست پێراگەیشتن بە سەرزەوینێک بە بێ ئەو تایبەتمەندیانە بوون. هەڵپەرکێی کوردی پەرستنی ئاشقانەی پەردە رەنگینەکانی ئاسمان، دۆڵ و شیوە پێچاوپێچەکانی پڕ لە دار و ئاوو گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و دیمەن و سرووشتی بەربڵاوو خاکی رەنگین و کێوگەلی سەرکەشە کە وەک زنجیرە پاڵیان بە یەکەوە داوە. هەڵپەڕکێی کوردی شانۆیی نەخش و رەنگ و جەستە و لەشگەلێکە کە لە سینەیان دا داستانی گوڵ و باڵندە و کارمامز و سەوزە و بەفر و ئاوریان هەیە. هەڵپەڕکێی کوردی نەخشی گیانی خەڵکێکە کە مێژووی خۆیان لە ئاواز و گۆرانییەکانیان دا دەڵێنەوە ولەکاتی فەرش چنینەکانیاندا وێنای دەکەن. هەڵپەڕکێی کوردی نیشتمانێکی ئازادکراوە کە تێیدا ژن و پیاو بە بێ ئەوەی کە خزم و کەس و کاری یەکتر بن، دەست لەنێو دەستی یەک و گوڵبەرگی پاکی خۆیان لە نێو قامکەکان دا پێکەوە دەگووشن و تاکوو ئاخر دەیپارێزن.



هەڵپەرکێی کوردی، ئایین و رەمزی مانەوە و قەبووڵ نەکردنی هێرشی داگیرکەران و نیشانەی مێژوو و فەرهەنگ و شوناسی نەتەوایەتی گەلی کوردە، کەرنەڤاڵێک کە تێیدا پیر و گەنج و هەرکەس بەهەر پێگە و مەقامێکەوە، مالک و رەعیەت، دەوڵەمەند و فەقیر، دەروێش و زاهید و بەگشتی هەرکەس بتوانێ بەسەر پێی خۆیەوە راوەستێ بەشداری دەکا. ئائینێک کە لەهەر کات و هەلومەرجێکدا بۆ هەر بوار و تەوەری سەرەکی ئازادی و جوامێری بە شێوەیەک بەرپا دەبێ. سۆز و سەمای دەروێشان، هەڵپەڕکێی مەلا ئائینیەکان (هەڵپەڕکێ سوارۆ) هەڵپەڕکێی تایبەت بە تازیەباری (چەمەرچۆپی) هەڵپەڕکێی شەلان و ئاوات و چەندەها هەڵپەڕکێی دیکە.

هەڵپەڕکێێ سوارە (سوارۆ) بەڕای زۆربەی کوردناسان سەبارەت بە رۆڵی ئەسب لە ژیانی کورد دا بە روونی رۆڵی ئەم ئاژەڵە لە رەوتی خەبات و هەروەها دەست بە یەخەبوونی کورد لەگەڵ سروشت دا نیشان دەدا. کەچی ئاماژە بەوە نەکراوە کە لە نێو کوردان لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە ئەسپ لە زۆربەی داب و نەریتەکان دا کەڵکی کارای لێ وەرگیراوە.

نەزمی سوارۆ بەهۆی ئەوەی وەرزشێکی باکەیە بە ناوی رەسمێکی فەرهەنگی، نمونەیەک لە بایەخی ئەسب نیشان دەدات.

ئەم هەڵپەرکێیە لە گۆڕەپانێکی پڕ لە بینەر دا بەرێوەدەچێ وبە لێدانی دەهۆڵ و زۆرنا دەست پێ دەکا. هەرکام لە لاوانی لادێ بە نۆبەی خۆیان سواری ئەو ئەسپە دەبن کە پێشتر رایان هێناوە و لەژێر چاوەدێری و داوەری رێش سپیان و بە پێی ئەو ئاهەنگانەی کە لێدەدرێ ئەسپەکان بە شێوەیەکی تایبەت تاو دەدەن کە لە ئەسڵ و بنەمای ریتمی هەڵپەڕکێی کوردی دەچێ. بینەران لەم حالەدا سوار تەشویق دەکەن و هانی دەدەن بەم شێوە هەڵپەڕکێیە (ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیەش لە ئۆلەمپیکی جیهانی دا بە رێوە دەچێ)

سەرچاوە: کوردستان و کورد



# بەشی منداڵان



## منداڵە چاوگەشەکانی کورد! جێژنی نەورۆز و ساڵی نوێتان پیرۆز بێت.

ئەمساڵیش وەرزی زستان، وەرزی سارد و سەرما و نەخۆشی ماڵئاوایی لێکردین و وەرزی جوان و رازاوەی بەهار هات. بەهاتنی وەرزی بەهار سروشت سەرسەوز و رازاوەتر دەبێت و کانیاوەکان دەژێتەوە و رووبارەکان بە خوڕتر دەبن لە جاران. گشت گیان لەبەران بە هاتنی وەزی بەهار شادمانن بە تایبەت مرۆڤەکان لە ناو ئەوانیش دا ئێمەی کورد. چۆنکە دەسپێکی وەرزی بەهار جێژنی نەورۆز نوێ بوونەوەی ساڵی تازەی کوردییە. بە تەواو بوونی وەرزی زستان و هاتنی وەرزی بەهار ساڵێک بە تەمەنمانەوە زیاد بوو و ساڵێک گەورەتر بووین.



### منداڵەخۆشەویستەکان!

ئێوە لەساڵی رابردوو تاچ رادەیەک لە کارەکانتان دا سەرکەوتوو بوون؟ توانیتان دەرسەکانتان بە باشی بخوێنن؟ توانیتان دڵی دایک و باوکو گەورەکانتان لە خۆتان رازی بکەن؟ لە قۆتابخانە لە گەڵ هاورێکانتان بە باشی هەڵسوکەوتتان کرد؟ بەراستی ئەو هیوا و ئاواتانەی لە جێژنی نەورۆزی پارەکە دا بووتان هەموویان وەدیٚ هاتن؟ ئایا لە ساڵی رابردوو دا کارێکی واتان کردەوە کە لێی پەشیمان بن؟

بەراستی منداڵەکان! بۆ ساڵی تازە بەرنامەتان چیٚ یە؟ بەنیازن ئەو ساڵیش وەک ساڵی رابردوو تێپەر بکەن؟ یا لە ئێستاوە بەرنامەتان بۆ ساڵی تازە و پشووی هاوین دارشتووە؟ ئێمە هیواداریین کە ژیان دا بیٚ بەرنامە نەبن و هەمیشە بۆ ژیان بەرنامەتان هەبێت و لە بەرنامەکانیشتان دا سەرکەوتوو بن.

# نەورۆز



زستان کە ڕۆیشت سەرما نامێنیٚ

نەورۆز مزگێنی بەهاران دێنیٚ
هەر چی خۆشی یە لە نەورۆزدایە

لە گشت لا خۆشی و بەزم و هەرایە
ئێوارەی نەورۆز لە سەر کێوەکان

گڕ دەگریٚ ئاگر بەرەو ئاسمان
کوڕان و کچان دەیکەن بە شایی


دەڕۆن بۆ لای یەک بۆ پیرۆزبای
منداڵان پۆل پۆل دەچنە گوڵ چنین

بە سروود وتن و قاقای پێکەنین
هەر بژی بەهار هەر بژی نەورۆز

بەهار و نەورۆز لە گشت تان پیرۆز



سە رقە لا

# تەندروستی



## بروكلی بەرگری لە زەهایمر دەكات

هێمن محەمەد.. توێژەرانی ئەمریكی دەڵێن" ئەو پێكهاتەیەی لە بروكلیدا هەیە یارمەتی سنووردارکردنی مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەو زەهایمر دەدات .

توێژەر تریگف تولیفسبۆل لە زانكۆی ئەلباما دەڵێت" ئەو پێكهاتە دیاری كراوەی لەناو بروكلیدا هەیە ، رێگە لە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەو نەخۆشی زەهایمر دەگرێت ، لەگەڵ ئەو نەخۆشیانەش پەیوەندیان بە پێشكەوتوونی تەمەنەوە هەیە .

بەپێی وتەی توێژەران ئەو پێكهاتەیە رێگە لە گەشەكردنی ئەو جینە دەگرێت كە بەرپرسە لە تووشكردنی مرۆڤ بە نەخۆشیە كوشندەكان . هەروەها هەندێ جۆری تری خەزرەوات و میوەی ، وەكو سویاو كەرنابیت و چای سەوزو ترێ بەرگری لەم نەخۆشیانە دەكەن .

تولیفسبۆل ئاماژەشی بەوەدا ، رۆژانە خواردنی برێكی بۆلیفینول كە یەكسانە بە ٣ كۆپ لە چای سەوز توانای گەشەسەندنی شێرپەنجەی مەمك لەلای ئەو مشكانەی تاقیكردنەوەكەی لەسەر ئەنجام دراوە كەمی كردووە ، وە رۆژانە خواردنی برێكی باشی بروكلی رێگە لە دەركەوتنی هەندێ جۆری شێرپەنجە دەگرێت .



## گوێدانی بەردەوام موزیک بە دەنگێکی بەرز، زیان بە سیستمی عەسەبی مێشک دەگەیێنێت

رێبوار حەمەلاو .. بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی ئەڵمانیا نیوز، توێژەرانی ئەڵمانی و ژاپۆنی ، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو زیانانەی کە بەر سیستمی عەسەبی دەکەوێت کە بەهۆی گوێگرتنی بەردەوامی موزیک بە دەنگی بەرزەوەیە دەگەرێتەوە.

ئەو توێژەرانە دوای ئەوەی قەبارەی چالاکی مێشکیان لە بەشی بیستنی مێشکی چەند کەسێک کەس تاوتوێ کرد، بۆیان دەرکەوت کە گوێگرتنی بەردەوامی موزیک ئەویش بە دەنگی بەرزەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ، زیان بەسیستمی عەسەبەکان دەگەێنێت.

هەروەها توێژینەوەیەش دەریخستووە کە ئەو کەسانەی کە بۆماوەیەکی درێژ گوێیان لە موزیک بە دەنگێکی بەرز گرتبوو ، تووشی چەندین گرفت لە بواری بیستن وجیاکردنەوەی دەنگەکان ببوونەوە.بۆیە پێویست دەکات وزانایانیش خەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە خۆمان لەو شوێنانەی کە موزیک بە دەنگی بەرز دەژێنرێت وهەروەها لە گوێگرتنی موزیک بە دەنگی بەرز خۆمان بپارێزین.



## " زەردە چێو" بۆ رووبەرووبوونەوەی شێرپەنجەی ریخۆڵە سوودمەندە

رێبوار حەمەلاو .. بە پێی هەواڵێکی رۆژنامەی " تیلگراف"، پزیشکان لە دوایین توێژینەوەکانیان ، بۆیان دەرکەوتووە کە " زەردە چێو" دەتوانێت بۆ رووبەرووبوونەوەی شێرپەنجەی ریخۆڵە سوودمەند بێت. ئەو پزیشکانە بۆیان دەرکەوتووە کە " زەردە چێو" ماددەیەکی چالاکی بە ناوی " کرکیومین" تێدایە کە ئەو ماددەیە دژی هەوکردنە و هەروەها رووبە رووی شێرپەنجەی رێخولە دەبێتەوە .

بەووتەی پزیشکان ، لە چەندین توێژینەوەی جیا جیا دا جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە کە هەوکردنی گەدە دەتوانێت ببێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەندەی گەدە .هەروەها ئەو هەوکردنە لە جگەر دەتوانێت ببێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر.

ناوی ئەو دەرمانە هەوکردنە " سلکوکسیب" کە بۆ دەرمانی "ئارتریت بەکار دێت ورێگە لە گەشەسەندنی شێرپەنجەی ریخۆلە دەگرێت.کرکیومین ، کاریگەری دژە شێرپەنجەی ودژە هەوکردنی هەیە و هەروەها رێگە لە تووشبوون بە جەڵتەی مێشک ودڵ دەگرێت .



## خواردنی " سێو" دەبێتە هۆی درێژبوونی تەمەن

بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی "شینهوا"، پزیشکان لە بارەی تایبەتمەندی و سوودەکانی میوەی " سێو"، جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە و رایانگەیاند کە خواردنی میوەی " سێو" ، ١٠ % هۆکارە بۆ درێژبوونی تەمەنی مرۆڤ. هەموو پسپورانی بواری خۆراک ، لەو بروایە دان کە خواردنی تەنها "سێوێک " لە رۆژێکدا مرۆڤ لە چوونە لای پزیشک بێ نیاز دەکات.

پزیشکاتی زانکۆی چینی لە هۆنگ کۆنگ بۆ جاری یەکەمە کە چەند پێکهاتەیەکیان لە ناو میوەی "سێو" دۆزییەوە کە "سێو" لە رێژەیەکی زۆر ئانتی ئاکسیدان پێکهاتووە کە بە شێوەی رێک وپێک ١٠%ی تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکات.

لەو بارەیەوە دکتۆر" شن یو چن و هاوکارانی لە زانکۆی هۆنگ کۆنگ رایانگەیاند،چەند ماددەیەکی زیانبەخش لە ناو لەشدا بەرهەم دێت کە ئێمە پێیان دەڵێین رادیکالە ئازادەکان کە کاریگەرییەکی خراپ لە سەر لەشی مرۆڤ دادەنێن و رێرەوری پیری و تووشبوون بە نەخۆشییەکان زۆر دەکەن.

بۆیە "سێو" لە جۆرە میوانەیە کە دەوڵەمەندە بە ئانتی ئاکسیدانە جۆراوجۆرەکان هەر بۆیە میوەی " سێو" زۆر سوودمەند وکاریگەرە و دەبێتە هۆی درێژبوونی تەمەنی مرۆڤ.

سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe



# وتەی زانایان





((بەتەمام ئاقڵ بم چونکە خۆم ئەوەم دەوێت نەک کەسێک داوای ئەوەم لێبکات)) نیچە

((توندوتیژی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە)) زانایەک

((هەرچی مرۆڤە ناتوانێت ئەدای ئەرکی خۆی بکات گەر ئازاد نەبێت)) کانت



((یاسا لە لۆژیکەوە سەری هەڵنەداوە بەڵکو لە ئەزموونەوە سەری هەڵداوە)) دیۆیێ

((ئەگەر یاسا نەبێت دەبێتە شەڕی هەمووان دژی هەمووان)) هیگڵ

((ئەگەر لە هەموو نا دادوەری یەکانی جیهان بگەیت لەوانەیە لە نێو ڕقدا بمریت)) پەندی چینی

((ملهوڕ کەسێکە بۆ لێکردنەوەی سێوێک دارەکە لە ڕەگەوە دەربهێنێت)) نیچە

((ئەوەی لە دواین ڕۆژەکان دێن ئەوانەن کە شمشێرەکانیان دەکەن بە بزمار و ڕمەکانیان دەکەن بەداس))
پێغەمبەری جولەکە

((یەک دیمەن لە هەزار وشە قسەکردن بەسوودترە)) پەندی چینی

((ڕێگا بدەن پرسیارێکتان لێ بکەم؟ بەمنداڵی چەند کەوتوون بە ئەرزا تا بەسەرپێ کەوتوون بێگومان
زۆر کەوتوون بۆیە ئەگەر لە ژیانی گەورەیشدا ئەوشتە بکەین بە پێوەر ئەوا سەرکەوتن مسۆگەرە)) ئانتونی ڕابینز

((ژیانی مرۆڤ لە ژێر دوو هێزدایە کە مرۆڤ بۆ خۆیان کێش دەکەن یەکەم هێز ڕاکردنە لە بەرامبەر
ناڕەحەتی و دووەمیان تامەزرۆی گەیشتنە بە خۆشی)) ئانتونی ڕابینز



((ڕاستگۆیی کە مرۆڤ لە قسەکانی بە کاری دەبات ئاواز و ڕەنگ و بۆنی خۆی هەیە بەڵام
لە درۆ گوتندا ئەم ئاواز و ڕەنگ و بۆنە نامێنێ)) ئەلیکساندەر وول

(( ئەوەندە گرنگ نییە کە مرۆڤ چی بڵێ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ بە چ شێوەیەک بیڵێ)) پەرلەمانی بەریتانیا



((داهاتووی مرۆڤ هەر مرۆڤە)) پونگ

((لە مامەڵکردن لەگەڵ خەڵکیدا وا هەڵسوکەوت مەکەن کە گوایە ئامرازن بەڵکو وا هەڵسوکەوت
بکەن کە ئامانجن)) کانت

((پرەنسیپە زۆر داماڵراوەکان لە دیاریکردنی کاردا نووشستی دێنن)) بوونگەراکان

((قایڵ بوون بە تاڵترین واقیعیەت بەرگری لە زیانی گەورە دەکات)) گارێر



# پەندی پێشینیان





بەو کەسە دەکرێ بڕوا و مەتمانە
پابەندی وەفاو عەهدو پەیمانە

گەر بە درۆزن ناوبانگت ڕۆیی
بێنرخی لەلای بێگانە و خۆیی

پیاو کارێک بکا کە پێی بوەستێ
دوو شوتی هەڵناگیرێ بە دەستێ

خۆت لێ نەگۆڕێ گەر بوویتە گەورە!
مەشهورە دنیا بە پێچ و دەورە

مەشهورە بزن بۆ تاقە شەوێ
جێگای خۆش دەکا لە کوێ وەرکەوێ

ناشکوری مەکە بەم بەشە کاکە
لە قوڕ ئەوەندە تۆز هەستێ چاکە

لە چاکەی کەمی زاڵم مەتۆرە
موویەک لە بەراز بێتەوە زۆرە

ئەو کەسەی ڕاستە و حیسابی پاکە
لە حیسابکێشان بێ ترس و باکە

مار خۆشی نەهات لە سیری بێعار
لەبەر کونەکەی شین دەبوو بە بار

کاکە زۆر بۆلای خۆتی مەتاشە
نە شیش بسووتێ، نە کەباب باشە

برا وا چاکە نەیکەیە لایی
برامان برایی، کیسەمان جیایی

سەگ ئەگەر نەمرێ لە قەسابخانە
لێی زایە دەبێ ئەو عومرە جوانە



لەلایەن: دیلان

سەرچاوە Serchawe

# بەهاری سەردەشت

شیعر:
عەبدولخالەق نەقیب

سەردەشت بەهارت کەڵی شیرینە
خاکت گەوهەرە و چیات رەنگینە
داوێنی سەوز و سووری شاخەکان
هەزاران دڵی کردۆتە حەیران
بەهاری سەردەشت لە کوردستانا
نێ یە بە وێنەی لە گشت جیهانا

تاڤگەی شڵماشت کەف لەدەم پرژێن
تۆرە و تۆسنە بەڵام دڵ بزوێن
دەروونی لێڵە و لەسەفەر دایە
سەدان گلەیی لە دەفتەر دایە
دەپێوێ گەوە و لاپاڵ و سنوور
لە پێشی دایە سەفەرێکی دوور
هاژەی بەستراو و گرمەی ئاو هەڵدێر
جوانی دەبەخشێ بە دەشتی زەنوێر

کێوی زمزیران بەرز و گەردەن کەش
دارو دەوەنی گرتووتە باوەش
کێو و تەلان و سەرشاخەکانی
پڕلە ڕاوچیە بەری بەیانی
هومل شاخێکە لە ناو کوردستان
بالا بلندە سەر لە ئاسمان
هۆمل مل نادا بە نەزمی زەوی
هەتاهەتایە سەر ناکا نەوێ

دیمەنی جوانی بێورانی سەردەشت
رازاوەتەوە بە وێنەی بەهەشت
دووکانان خۆشە بە سەرچاوەکەی
سرنج ڕاکێشە ساردی ئاوەکەی
کڵپەی ئاگری و قوڵپەی کانیانی
بۆنی وەنەوشەو هەڵاڵەی جوانی
دەنگی جۆتیاری خاوین و دڵپاک
شادی هێنەرە بۆ دڵی خەمناک

شمشاڵی شوان و بارەی مەڕانی
هات و چوۆ و رەوتی شەنگە بێریانی
مرۆڤ دەخاتە ئەوپەڕی مەستی
ناسکتر دەکا هەڵوێست و هەستی
هەورە تریشقە و لافاوی باران
دێنێتە بەرهەم ڕوخانی زستان
سەرما و سار و سۆل دەوری نامێنێ
بەهاری شیرین دێ خۆی دەنوێنی

بەهاری سەردەشت جوان و رەنگینە
وەرە کوردستان گیانە بێبێنە
بەهاری سەردەشت لە کوردستانا
نێ یە بە وێنەی لە گشت جیهانا

ر.نەقشی